کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

٤٨٣

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٨٣ – ڕێبەندانی – ژانویەی ٢٠٢٦




## لەکارخستنی ماشێنی کوشتوبڕی کۆماری ئیسلامی لە گرەوی چیدایە؟

## زەروورەتی سیاسی بەرپاکردنی مانگرتنی کرێکاری

## بە داواکاری کۆتاییهێنان بە سەرکوتگەرییەکان و ئازادی دەستبەسەرکراوان



## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## پێویستە پشتیوانی لە بزووتنەوەی هەقخوازانەی ڕۆژئاوا بکەین

## بۆ مەحکوومکردنی هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوا و بردنە پێشی بەرنامە ئیمپریالیستییەکان

### سەروتار

## کوشتاری نارازییان و سازش لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، ستراتیژیی مانەوەی کۆماری ئیسلامی

ڕژێمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەو شەپۆلە نارەزایەتییە بەرینەی کە ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار لە بازاڕی تارانەوە سەریهەڵدا و پاشان زیاتر لە سەد شار و ناوچەی ئێرانی گرتەوە، شەوی پێنجشەممە ١٨ی بەفرانبار بە پچڕاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت و پێوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە و بە ئامانجی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو کوشتارەی کە بەرنامەی بۆ دارشتبوو، جینایەتێکی سامناکی خوڵقاند. لەو شەوە خوێناوییەدا، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بە تانک، تیربار، درۆن و چەکە قورسەکانی دیکە، خەڵکی نارازی لە هەژاری و برسیەتییان لە شەقامەکاندا خەڵتانی خوێن کرد. بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەزاران کەس لە خەڵکی نارازی کۆمەڵکوژ کران و هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون. ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ژمارەی دەستبەسەرکراوانیان بە ١٨٥٠٠ کەس مەزندە کردووە

بەڵام سەرەڕای گشت ڕێوشوێنە ئەمنییەکان، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پێش بە بڵاوبوونەوەی هەواڵ و وێنە دڵتەزێنەکانی ئەم جینایەتانە بگرێت و بۆ جارێکی دیکە سیمای ڕاستەقینە و ئاستی دڕندەیی ڕژێمی ئیسلامی بۆ هەمووان ئاشکرا بوو. هەڵبەت ڕژێم بەوپەڕی بێشەرمییەوە و بۆ دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە ناوخۆدا، لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانی خۆیەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆیی سەدان تەرم لەسەر زەوی و سەدان کەس لە حەوشەی زیندانەکاندا کە بەدوای تەرمی ئازیزانیاندا دەگەڕان؛ تا بە خەیاڵی خاوی خۆی خەڵک چاوترسێن بکات و بڵێسەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەرەو شکست بەرێت

لەم نێوەدا، ڕەوتە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوا-لیبراڵەکان، سەلتەنەتخوازەکان و هەندێک لە ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، لەرێگەی پڕوپاگەندە، کۆبوونەوە، دەرکردنی بەیاننامە، دیدار و چاوپێکەوتن و هتد... هەوڵیان دا پێوەندی بە ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بگرن. هەندێکیان داوایان لە ترامپ کرد کە بە دەستێوەردانی سەربازی بێتە مەیدانەوە و کۆماری ئیسلامییان بۆ بڕووخێنێت، تا بەڵکوو ئەوان لە بان سەری خەڵکی ئێرانەوە لەسەر کورسی

دەسەڵات دابنێت. بەرپرسانی ئەم ڕەوتانە هیوایان بە بەڵێن و هەڕەشەکانی ترامپ لە دژی کۆماری ئیسلامی بەستبوو کە وتبووی: «ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەست بۆ کوشتاری خەڵک بەرێت، تەنانەت یەک کەسیش بێت، دژکردەوەی دەبێت». ترامپ داوای لە خەڵکی ئێران کرد کە درێژە بە ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بدەن، دەست بەسەر دامەزراوە حکوومییەکاندا بگرن و ناوی بکوژانیش تۆمار بکەن. ناوبراو وتبووی: «یارمەتی ئەمریکا بەڕێوەیە و ڕژێم باجێکی قورس دەدات»

هاوکات ئەمریکا داوای لە هاووڵاتییانی خۆی کرد بەپەلە ئێران بەجێبهێڵن و بەشێک لە هێزەکانی خۆیشی لە



ناوچەکە، لەوانە لە بنکەکانی قەتەر و عێراق جێبەجێ کرد. فەڕانسە، سوێد، هێند، لەهستان، ئیتالیا و ژمارەیەک لە وەڵاتانی دیکەش بەهۆی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە ئێران و ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا، داوایان لە هاووڵاتییانی خۆیان کرد دەستبەجێ ئێران جێبهێڵن. ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیش ئاسمانی ئێران بەڕووی فڕۆکەکاندا دابخات و کەوتە پەلەقاژە بۆ پێوەندی گرتن بە ئەمریکاوە. لە هەمان کاتدا داوای لە دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە عەرەبستان، قەتەر، میسر، تورکیا و ئوردن کرد کە بەپەلە نێوەندگیری بکەن و ڕێگری لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بکەن

بەڵام ترامپ چوارشەممە شەو ٢٤ی بەفرانبار لە وەرچەرخانێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراودا ڕایگەیاند کە پێیان ڕاگەیاندووە کوشتار و لەسێدارەدان لە ئێران ڕاگیراوە و کۆماری ئیسلامی بەڵێنی داوە کەس لەسێدارە نەدات. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کەشی ئەمنی و پچڕانی ئینتەرنێت و دەستبەسەرکردنە بەربڵاوەکان لە ئێران بەردەوامە و ژمارەی قوربانییانی ناڕەزایەتییەکانیش ڕوو لە زیادبوونە. ترامپ لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران وتی: «لێکۆڵینەوەی لێ دەکەین و بزانین چۆن دەبێ». بەمجۆرە پێدەچێت ترامپ ئێستا هەڕەشەکانی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی وەلا نابێت و ئەو بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە هیوایان بە هێرشی سەربازی ئەمریکا بەستبوو، بێهیوا کرد. بێگومان ڕوون نییە لە داهاتووی نزیکدا چی ڕوودەدات، بەڵام نیگەرانی و گوشاری دەوڵەتانی ناوچەکە لە هەڵگیرسانی شەڕ و لێکەوتەکانی، لە بڕیارەکەی ترامپ بۆ خۆبواردن لە هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی بێ کاریگەر نەبووە

لەو پێوەندییەدا عەباس عێراقچی بەدوای گۆڕانی هەڵوێستی ترامپدا، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی بەفرانبار لە گفتوگۆ لەگەڵ کەناڵی ئەمریکی «فاکس نیوز»، ڕایگەیاند کە: «کۆماری ئیسلامی هیچ بەرنامەیەکی بۆ لەسێدارەدانی ئەو کەسانە نییە کە بەهۆی بەشداریکردن لە ناڕەزایەتییەکانەوە دەستگیر کراون». ناوبراو بەوپەڕی بێشەرمییەوە ئاماری بەرزی کوژراوەکانی خستە ئەستۆی «بەکرێگیراوانی ئیسرائیل» و وتی: «تیرۆریستەکان بە مەبەستی پێشوەختە تەقەیان لە پۆلیس و خەڵک کردووە تا ئاماری کوژراوەکان بەرز بکەنەوە و زەمینەی دەستێوەردانی ترامپ خۆش بکەن». لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی دەزگای دادوەریی ڕژێم، لەوانە «موحسینی ئەژەیی» جەلاد کە چەند ڕۆژ پێشتر هەڕەشەی کردبوو دەبێت دەستگیرکراوەکان بەپەلە سزا بدەین، بەدوای قسەکانی عێراقچیدا ڕایانگەیاند کە: «سزای لەسێدارەدان بۆ تۆمەتگەلی وەک کۆبوونەوە و پیلانگێڕی دژی ئاسایشی نەتەوەیی و چالاکی تەبلیغی دژی نیزام بوونی نییە». ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی خەڵکی ئێرانیان بەم جۆرە تۆمەتە دروستکراوانە دادگایی و لەسێدارە داوە

سەرەڕای هەموو ئەمانە، قسە و بەڵێنەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە بەرانبەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک یەکجار لە پێگەیەکی لاوازدان و نیگەرانن لە هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا، هیچ بایەخ و ئیعتیبارێکی نییە. چونکە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە توانای چارەسەرکردنی قەیرانە فرەچەشنە ناوخۆییەکان و وەڵامدانەوە بە خواست و داواکارییەکانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی نییە، ساڵەهایە تەنیا بە پەنابردن بۆ سەرکوت و کوشتار و جینایەت، دەسەڵاتە گەندەڵ و قەیراناوییەکەی خۆی لەسەر پێ ڕاگرتووە و بە بێ کوشتار و زیندان و ئەشکەنجە توانای درێژەدان بە دەسەڵاتی نابێت. ڕژێمێک کە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٥دا، لانی کەم ١٩٢٢ مرۆڤی لەسێدارە داوە

بێگومان خەڵکی ئێران نە بە دەستێوەردانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی سەرمایەداری، بەڵکوو تەنیا کاتێک بە ڕزگاری دەگەن کە بە هێزی یەکگرتوو و ڕێکخراوی خۆیان لە ئاستی ملیۆنی و بە شێوەی سەرتاسەری پەیوەست بن بە ناڕەزایەتییەکانەوە و هاوکات چینی کرێکاریش بە مانگرتنی بەرین و سەرتاسەریی خۆی لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، چەرخی بەرهەمهێنان و جووڵە لە کۆمەڵگادا ڕابگرێت و ماشێنی سەرکوت و دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی ئیفلیج و زەمینگیر بکات. خەڵکی ئێران بۆ ڕزگاری پێویستە بە خەبات و تێکۆشانی یەکگرتووی خۆیان ڕژێمی گەندەڵ و جینایەتکاری سەرمایەداریی ئیسلامی بڕووخێنن و لە جێگەی ئەودا دەسەڵاتی شۆرایی خۆیان دابمەزرێنن

❊ ❊ ❊

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بەرامبەر هێرشی سەربازی و پیلانی دەوڵەتانی سووریە، تورکیە و ئەمریکادا

## پێویستە پشتیوانی لە بزووتنەوەی هەقخوازانەی ڕۆژئاوا بکەین

بەدوای پەلاماری سەربازی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەحمەد ئەلشەرع بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکانی شاری حەلەب و داگیرکردنی ئەو گەڕەکانە، کە لە ئاکامدا دەیان کەس گیانیان لەدەست دا، سەدان کەس بریندار و هەزاران کەس ئاوارە و دەربەدەر بوون؛ لە ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی سووریە بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیە، لە چەندین لاوە هێرشێکی سەربازی بەرفراوانیان کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا. هێزە جیهادییەکان بە داگیرکردنی شاری "عەین عیسا"، کۆبانی-شیان گەمارۆ داوە و ئاو و کارەبای شارەکەیان بڕیوە. ئەم هێزە داگیرکەرانە بەنداوی "تەشرین" و شارەکانی ڕەققە و تەبقە و بەشێک لە ناوچەکانی دێرەزوووریشیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بە هێرشکردنە سەر زیندانی "شەدادی" کە دیلەکانی داعشی تێدا ڕادەگیران، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکانی داعشیان دەرباز کردووە. لە پەلامارەکانی ڕۆژی دووشەممەدا، گرووپە تیرۆریستە جیهادییەکان، داعشئاسا چەند کەس لە شەڕڤانانی (هەسەدە)یان کە بە دیل گیرابوون، سەر بڕی و بە مەبەستی چاوترسێنکردن و تۆقاندن ڤیدیۆکلیپەکانیان بڵاو کردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشە بەرفراوان و جنایەتانەی کە ئەنجام دران، ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی ژانویە، ئەحمەد ئەلشەرع واژۆکردنی ڕێکەوتننامەیەکی نوێی لەگەڵ هێزەکانی سووریەی دیموکرات بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریە و ڕاگەیاندنی ئاگربەست، ئاشکرا کرد

بەندەکانی ڕێکەوتننامەکەی ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٦ کە لەژێر گوشاری دەوڵەتانی ئەمریکا و تورکیەدا بەسەر مەزلووم عەبدیدا سەپێندراوە، لە ڕاستیدا جەنبەی ئیجرایی‌دانە بە هەمان ڕێکەوتننامە ٨ ماددەییەکەی کە لە نێوان فەرماندەی "هێزەکانی سووریەی دیموکرات" و ئەحمەد ئەلشەرع، سەرۆک کۆماری سووریە لە دەی مارسی ٢٠٢٥دا واژۆ کرابوو. بەپێی ئەم "ڕێکەوتننامە" نوێیە، سەرجەم ئەندامانی هێزەکانی سووریەی دیموکرات لەناو پێکهاتەی وەزارەتی بەرگریی سووریەدا بە شێوەی "تاکەکەسی" و دوای لێکۆڵینەوەی وردی ئەمنیەتی تێکەڵ دەکرێنەوە، هەردوو پارێزگای دێرەزوور و ڕەققە بەتەواوی لە باری ئیداری و سەربازییەوە ڕادەستی دەوڵەتی سووریە دەکرێنەوە، سەرجەم دامەزراوە مەدەنییەکانی پارێزگای حەسەکە لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتییەکانی سووریەدا تێکەڵ دەکرێن، گشت کێڵگە نەوتییەکان ڕادەستی دەوڵەتی سووریە دەکرێن، بەڕێوەبردنی زیندان و کەمپەکان کە بنەماڵەکانی داعشی تێدا ڕادەگیرێن بە دەوڵەتی سووریە دەسپێردرێت و ئەندامانی پەکەکە لە خاکی کوردستانی سووریە دەردەکرێن و هتد

هێرشی بەرفراوانی سەربازی دەوڵەتی ئیسلامیی ئەحمەد ئەلشەرع بە هاودەستی و ئەندازیاریی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (هەسەدە) و ئەو جنایەتانەی کە ئەنجامیان داوە، نابێ هیچ گومانێکی هێشتبێتەوە کە واژۆکردنی ڕێکەوتننامە ٨ ماددەییەکە لە نێوان مەزلووم عەبدی فەرماندەی "هێزەکانی سووریەی دیموکرات" و ئەحمەد ئەلشەرع، سەرۆک کۆماری سووریە لە دەی مارسی ٢٠٢٥ سەبارەت بە داننان بە مافی کورد و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە سووریە بەپێی دەستوور، کە زۆرێک لە سەرانی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان وەک ڕێکەوتنێکی مێژوویی ناویان دەبرد، تا چ ڕادەیەک پووچ و بێ‌بنەما بووە. دەرکەوت کە زەمانەتی مافی هەموو سووریەکان لە پرۆسەی سیاسی و زەمانەتی بەشدارییان لە دامەزراوە حکوومییەکاندا بە بێ لەبەرچاو گرتنی ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەم ڕێکەوتنە ٨ ماددەییە، درۆ بووە. دەرکەوت کە دڵخۆشکردن بە ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتیبوونی خەڵکی کوردستان و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە و خەڵکی سووریە لە چوارچێوەی دەستوورێکدا کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە دارشتنیدا هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە، تا چەندە کارێکی ناعەقڵانییە. ئاشکرا بوو کە ڕێکەوتن لەسەر تێکەڵکردنەوەی دامەزراوە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کە لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازانە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ دامەزراوە ئیسلامییەکانی حکوومەتی دیمەشق و ڕادەستکردنی کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان، سەرچاوەکانی دەرهێنانی نەوت و فڕۆکەخانەکان، تا چەندە لە دژی خواستی خەڵکی کوردستان و خەڵکی سەرانسەری سووریەیە. بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە لەمپەری سەرەکی لەبەردەم نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی عەفرین و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی سووریە، داگیرکاری و شەڕەنگێزییەکانی دەوڵەتی تورکیەیە. کاتێک ئەحمەد ئەلشەرع ڕێکەوتننامە هەشت ماددەییەکەی بە ناوی سەرۆک کۆماری عەرەبی سووریە واژۆ کرد، نیشانی دا کە دان بە کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە وەک "کۆماری سووریە" دانانێت. هەرچەندە ئەحمەد ئەلشەرع لە ڕێکەوتن لەگەڵ مەزلووم عەبدی پەرەپێدان بە ڕق و کینەی نەتەوەیی و مەزهەبی بە ڕەتکراوە ڕادەگەیەنێت، بەڵام سەرجەم کردەوەکانی ناوبراو لە ئاراستەی پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی ئیسلامی لە سووریە و لە نێویاندا کوشتاری عەلەوییەکان و کوردەکان، هەمووی لە خزمەت پەرەپێدان بە کینە و دووبەرەکیی نەتەوەیی و مەزهەبی بووە.

پەلاماری سەربازیی بەرفراوان بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکان لە شاری حەلەب و بەدوای ئەوەدا بۆ سەر شارەکانی کوردستان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریەی دیموکرات و "ڕێکەوتننامە"ی ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٦، لە ڕاستیدا بەرهەمی سازش و پیلانی دەوڵەتانی تورکیە، سووریە، ئەمریکا و ڕەزامەندی دەوڵەتی ئیسرائیل و حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی دیکەی ناوچەکەیە. دەوڵەتی تورکیە کە هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی سووریەی وەک درکێک لە چاوی خۆیدا دەدی و یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتە شۆڤێنیستی و پاوانخوازانەکەی لەناوبردنی ئەم ئەزموونەی خۆبەڕێوەبەری بوو و لە هیچ هەوڵ و جنایەتێک بۆ لەناوبردنی دریغی نەکرد، ئێستا بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەمریکا و لە ڕێگای هێزە جیهادییەکانی ئەحمەد ئەلشەرعەوە ئامانجەکانی خۆی دەباتە پێشەوە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە بە ئامانجی بانتر لە شەڕ لەگەڵ داعش و بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە نەوتییەکان، هێزەکانی لەم ناوچەیە جێگیر کردووە، لە هەمان کاتدا کە هێزەکانی کوردستانی سووریەی وەک ئامرازێک لە شەڕی داعشدا بەکار هێنا، بەڵام ئاشکرا بوو کە بەرژەوەندی و هاوکارییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە لە چەندین لاوە بەیەکەوە گرێ دراون. ئەمریکا پێویستی بە هاوکاری تورکیە هەیە کە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستدایە و وەک پردێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕۆڵ دەبینێت؛ بنکەی ئاسمانی ئینجیرلیک لە باشووری تورکیە ڕۆڵێکیسەرەکی لە جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئەم بنکەیە هەروەها یەکێکە لە شوێنە ستراتیژیکەکان بۆ ئەمبارکردنی چەکی ئەتۆمی ناتۆ؛ ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی نفوزی ڕووسیا لە ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش حیساب لەسەر هاوکاریی تورکیە دەکات؛ تورکیە ڕێڕەوێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا، ئەمریکا بە پاراستنی ئاسایشی ئەم هێڵانە و کەمکردنەوەی وابەستەیی ئەورووپا بە وزەی ڕووسیا گرنگی دەدات؛ تورکیە خاوەنی دووەمین ئەرتەشی ناتۆیە و هاوکاری لەگەڵ تورکیە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی هاوپەیمانی سەربازی ڕۆژئاوا پێویستە. هەر ئەم چەند خاڵە لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دوو ئەندامی ناتۆ، نەک تەنیا ڕێکەوتنە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی تورکیە و سووریە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریەی دیموکرات و سەپاندنی ڕێکەوتننامە کۆیلەئاساکان پاساو دەدات، بەڵکوو هەمیشە زەنگێکی مەترسیدار بوون بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی گەورەتر لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان

لە ناو ئاڵۆزییەکانی دۆخی ئێستا و ئەو مەترسیانەی کە لەلایەن دەوڵەتانی سووریە، تورکیە و سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکاوە هەڕەشە لە بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان دەکەن، تەنیا بەشداری چالاکانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و پیاوانی چەوساوەی کوردستانی سووریە لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا و نهادینەکردنی دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی تاکوو ئێستا، چەکدارکردنی گشتی بۆ بەرگری لەم دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ دروستکردن و قایمکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەب لە سەرانسەری سووریە، دەتوانێت ئاسۆیەکی ڕوون بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە بخاتە بەردەم کۆمەڵگا. لەم هەلومەرجەدا، پێداگری لەسەر ئەو دەستکەوتانەی کە بریتین لە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هەروەها مافی ژن لە ژینگەی خێزاندا، پێداگری لەسەر یەکسانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزییەکان لە بەردەم یاسادا، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لە کاروباری ئیداری و بەڕێوەبردنی شار و گوندەکان و پێداگری لەسەر ئازادییە سیاسییەکان و ڕەچاوکردنی لە کردەوەدا و... دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ڕاکێشانی هاوپشتیی مرۆڤە ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبەکان لە سەرانسەری سووریە لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان

خەڵکی ستەملێکراوی کوردستانی سووریە دەبێ هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانی خۆیان لە ناو خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبی سووریە، ناوچەکە و جیهاندا بدۆزنەوە. خەڵکی کوردستانی سووریە لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستادا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستیان بە پشتیوانی و داکۆکیی خەڵکی ئازادیخوازی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەیە. کۆمەڵە وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی سەربازی دەوڵەتانی سووریە و تورکیە لە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا و جنایەتەکانیان دژی خەڵکی کوردستان، لە بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی سووریە لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی هەڕەشەی لێ دەکەن، لێبڕاوانە پشتیوانی دەکات. ئەزموونی ڕۆژئاوا جارێکی تر سەلماندی کە نە ئەمریکا و نە هیچ هێزێکی ئیمپریالیست پشتیوانی ئازادی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خەڵک نین و تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستنی ئاگایانە بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوە و بە ئاسۆیەکی سۆسیالیستییەوە دەتوانرێت ماشینی شەڕ و داگیرکاریی زلهێزە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری پاشەکشەی پێ بکرێت و ئاسۆی ڕزگاری بخرێتە بەردەم کۆمەڵگاوە

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٩ی بەفرانباری ١٤٠٤

١٩ی ژانویەی ٢٠٢٦

***



## ڕاگەیەندراوی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

# بۆ مەحکوومکردنی هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوا و بردنەپێشی بەرنامە ئیمپریالیستییەکان

ئاڵوگۆڕە خوێناوییەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی سووریا، جارێکی دیکە ماهییەت و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و پشتیوانە ئیمپریالیستەکانیانی ئاشکرا کردەوە. هێرشی هێزە جیهادییەکانی سەر بە "دەوڵەتی ئیسلامی"ی ئەحمەد شەرع بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکانی حەلەب و پاشان پەرەپێدانی پەلامارە سەربازییەکانیان بۆ سەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، ڕووداوێکی لەناکاو و بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو ئەڵقەیەکە لە پیلانێکی لەپێشدا داڕێژراو بۆ تێکشکاندنی یەکێک لە پێشکەوتنخوازترین ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

داگیرکردنی عەین عیسا، گەمارۆدانی کۆبانێ، بڕینی ئاو



و کارەبای شارەکان، دەستبەسەرداگرتنی بەنداوی تشرین و بەشگەلێک لە ڕەققە، تەبقە و دێرەزوور و هەروەها پەلاماردانی زیندانی شەدادی و ئازادکردنی چەکدارانی داعش، هەموویان دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە هێزە جیهادییەکانی ئەحمەد شەرع نە تەنیا درێژەپێدەری هەمان پڕۆژەی داعشن، بەڵکوو وەک باسکی مەیدانی دەوڵەتی تورکیا و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ زلهێزەکاندا کار دەکەن. سووکایەتی و ئەشکەنجەدانی شەڕڤانانی دیلی هێزەکانی سووریای دیموکرات و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانیان، هەوڵێکی ئاگایانەیە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و تێکشکاندنی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی

لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕاگەیاندنی "ڕێککەوتننامە"ی ١٨ی ژانویەی ٢٠٢٦ لە نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلووم عەبدی، کە لەژێر گوشاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا و تورکیادا واژۆ کراوە، نە هەنگاوێک بەرەو ئاشتی، بەڵکوو ئامرازێکی سیاسییە بۆ تەواوکردنی هەمان پەلاماری سەربازی. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە درێژەی ڕێککەوتنی ٨ خاڵیی مارسی ٢٠٢٥دا ئامادە کراوە، بەکردەوە بە واتای بێبەشکردن و دەستکورتکردنەوەی تەواوەتی خەڵکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا لە دەستکەوتە سیاسی، سەربازی و ئابوورییەکانیانە: هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات و تواندنەوەی لەناو پێکهاتەی دەوڵەتی ناوەندیدا، ڕادەستکردنی تەواوەتی ئیدارە و ئەمنییەتی پارێزگاکان، ڕادەستکردنی سەرچاوە نەوتییەکان، زیندانەکان و کەمپەکان، تێکەڵکردنەوەی دامەزراوە مەدەنییەکانی خۆبەڕێوەبەری لەناو دەزگای دەوڵەتی دیمەشق و پاکتاوی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە

ڕووداوەکانی ئەم دواییە بە ڕوونی دەریانخست کە بانگەشەکانی پەیوەندیدار بە "بەفەرمی ناسینی مافی کورد و کەمایەتییەکان" لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیی سووریادا، شتێک جگە لە فریوێکی سیاسی نەبووە. دەوڵەتێک کە بوون و مانی خۆی لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسی، سەرکوتی سیستماتیک و نکۆڵیکردن لە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی بونیاد دەنێت، نە دەتوانێت و نە دەشیەوێت مافی یەکسان مسۆگەر بکات. کوشتاری عەلەوییەکان، سەرکوتی کوردەکان و سڕینەوەی دامەزراوە جەماوەرییەکان، سەلمێنەری سیاسەتێکە کە دوژمنایەتییەکی ئاشتی هەڵنەگری هەیە لەگەڵ هەرچەشنە پێکەوەژیانێکی ئازاد و یەکسان

ئەم پەلامارە هەمەلایەنەیە، بەرهەمی ڕاستەوخۆی مامەڵە و بازرگانییەکانی دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتی سووریا، ئیمپریالیزمی ئەمریکا و باقی هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەیە. تورکیا کە لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرهەڵدانی ڕۆژئاواوە، ئەم ئەزموونەی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر پڕۆژەی شۆڤێنیستی و پاوانخوازانەی خۆی دەزانی، ئێستا بە کەڵکوەرگرتن لە هێزە نیابەتییەکانی و بە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، لە هەوڵی لەناوبردنی یەکجاری ئەم ئەزموونەدایە. ئەمریکاش کە ساڵانێک لە هێزە کوردییەکان وەک ئامرازێکی جەنگی دژی داعش کەڵکی وەرگرت، جارێکی دیکە سەلماندی کە بەرژەوەندییە ژیۆپۆلیتیکەکان، هاوپەیمانییەکانی ناتۆ و بەرنامە ئیمپریالیستییەکانی، لە سەرووی هەر بانگەشەیەکی داکۆکی لە دیموکراسی و مافی مرۆڤەوەیە

سەرەڕای هەموو ئەمانە، پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوا، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان شەپۆلێکی مەزن لە نارەزایەتی و تووڕەیی و بێزاری وەڕێ کەوتووە. لاوانی زۆر لە سلێمانی، کەرکووک، دیاربەکر و... لە سنووری قامیشلۆ نسێبینەوە خۆیان گەیاندووەتە قامیشلۆ، ئاڵای تورکیایان هێناوەتە خوارەوە و ئامادەی خەبات و بەرەنگاربوونەوەن

لە وەها بارودۆخێکدا، تەنیا ڕێگای بەرەوڕووبوونەوەی ئەم پەلامارە کۆنەپەرستانەیە، پشتبەستنە بە هێزی سەربەخۆی خەڵک. ڕێکخراوبوونی ئاگایانەی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و سەرجەم چەوساوەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، بەرگریی چەکدارانە لە دەستکەوتە مەوجوودەکان، قووڵکردنەوەی پێکهاتە دیموکراتیکەکان لە خوارەوە و پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی سەرانسەری سووریا و هەروەها هاوخەباتیی ئەنتەرناسیۆنالیستی، تەنیا ئاسۆی واقیعبینانەیە بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە دژوارە. ئەزموونی ڕۆژئاوا نیشانی داوە کە یەکسانی ژن و پیاو، بەشداریی ڕاستەوخۆی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، پێکەوەژیانی ئازادانەی نەتەوەکان و ئازادییە سیاسییەکان، دروشم نین، بەڵکوو ئامرازی ڕاستەقینەی هێنانەمەیدانی جەماوەرن

خەڵکی کوردستان و سووریا دەبێ زیاتر لە هەر کاتێکی تر، هاوپەیمانانی ڕاستەقینەی خۆیان نە لە دەوڵەتان و زلهێزە جیهانییەکان، بەڵکوو لەنێو کرێکاران و گەلانی چەوساوەی سووریا، ناوچەکە و جیهاندا بدۆزنەوە. هاوپشتیی نێونەتەوەیی هێزە ئازادیخواز و سۆسیالیستەکان، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی ماشێنی جەنگ و داگیرکاری سەرمایەداری جیهانی

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی توندی پەلاماری سەربازی دەوڵەتانی سووریا و تورکیا بە پشتیوانیی ئەمریکا، وێڕای لەقاودانی ڕێککەوتنە سەپێنراو و دژە جەماوەرییەکان، پشتیوانی بێمەرجی خۆمان لە بەرخۆدان و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ڕۆژئاوا ڕادەگەیەنین. ئەزموونی ئەم ساڵانە جارێکی تر سەلماندی کە نە ئەمریکا و نە هیچ هێزێکی ئیمپریالیستی، زامنی ئازادی و ڕزگاری نین. تەنیا لە ڕێگای پشتبەستنی ئاگایانە بە هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بە ئاسۆی سۆسیالیستییەوە دەکرێت بیساتی جەنگ، داگیرکاری و کۆنەپەرستی تێکەوە بپێچرێت و ڕێگای ڕزگاریی ڕاستەقینە خۆش بکرێت

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شورایی خەڵک لە کوردستان**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٢٠ی ژانویەی ٢٠٢٦

❊❊❊


**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

alternative-shorai.tv

## ڕاگەیەندراوی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

# وەڵامی کوشتوبڕی بەرنامە بۆ داڕێژراوی کۆماری ئیسلامی، ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژێمە دژە ئینسانییە

ئێستا ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاپەڕینی مەزنی ئەم دواییەی جەماوەری ملیۆنی، ڕژێمی جێنایەتکاری ئیسلامی ئەوەندە تۆقاندووە کە لە دوا شەڕی مان و نەمانیدا بە دڕندەییەکی بێوێنە سنوورەکانی جێنایەت و کۆمەڵکوژیی بەزاندووە و تەنانەت مێژووە خوێناوییەکەی خۆیشی تێپەڕاندووە. هێزە جێنایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوا سەنگەری بەرگری لە ڕژێمە نەگریسەکەیان، هەر لە یەکەم ساتەوە نە بە تەقەی هەوایی بۆ بڵاوەپێکردن، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ



داڕێژراو ڕیزی نارازییان و شۆڕشگێڕان و تەنانەت باخچەی ساوایان و نەخۆشخانەکانیشیان دایە بەر دەسترێژی گوللە. جێنایەتکاران بەتایبەت لە هەینی ١٩ی بەفرانبار بەدواوە، بە پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت و بڕینی دەنگی خرۆشی شۆڕشگێڕانە لە جیهانی دەرەوە، گۆمی خوێنیان خستەڕێ. بەڵام ئەم جێنایەتە، ترس و دوودڵی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بووە هۆی یەکگرتوویی و ئیرادەی زیاتر لە ڕیزی ڕاپەڕیواندا و ترس و وەحشەتیشی خستە ناو دامودەزگای دەسەڵاتدارانی خوێنڕێژەوە

جێنایەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا تایبەتمەندی و پێناسەی ڕاپەڕینی ئەم دواییە نەبوو، ڕژێم بە ڕاستی مەرگ و ڕووخانی بە چاوی خۆی بینی. ڕیزە یەکگرتووەکانی ژن و پیاو و پیر و لاو، لە مێژووی پرشنگداری ٩٦ و ٩٨ و ١٤٠١ تێپەڕی و لە شەقامەکانی نزیک بە ١٨٠ شاری بچووک و گەورەدا، نمایشی هاوپشتی و هیوا و ئەو ڕاستییەیان بە گوێی جیهاندا دا، کە ڕزگاربوون لە دەست دێوەزمەی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە ڕیزی یەکگرتووی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بە هێرشبردن بۆ سەر بنەماکانی ئەم دەسەڵاتە دژە مرۆییە مسۆگەر دەبێت. دەنگی ڕاپەڕین و نارەزایەتی، ئەمجارە لە دژایەتیکردنی گرانی و سەرکوت و سووکایەتی تێپەڕی و بە تێکڕا و یەکپارچە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دەزگای ئەم حکوومەتە جێنایەتکارە بوو. ڕووخاندنی دەستبەجێی کۆماری ئیسلامی ئامانج و دروشمی سەرەکی ئەو ڕاپەڕینە بوێرانەیە بوو کە لە ئاستی جیهاندا بە سەدان ملیۆن مرۆڤ پشتیوانی و ستایشیان کرد

ئەم ڕاپەڕینە تەنیا کۆنەپەرستیی دەسەڵاتداری ئیسلامی لە ئێرانی نەشڵەژاند، بەڵکوو زلهێزە جیهانییەکانیشی لە ترسی ڕاپەڕینی ڕادیکاڵی خەڵک خستە تەقەلا. ترامپی سەردەستەی فاشیستەکان، لە ناوەڕاستی شەڕەکەدا دەستی کرد بە سەودا و مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و جەستەی لەتوپارکراوی لاوان و خەڵکی بێدفاعی کردە بارمتەی بەندوبەست و دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بە لێدوانە دژبەیەکەکانی و بە ناردنی سەرۆک وەزیرانی عومان بۆ تاران، لە ڕاستیدا دەستی هێزە سەرکوتگەرەکانی بۆ کۆمەڵکوژیی نارازییان ئاوەڵا کرد. هەموو هەوڵی ئەوان ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی بوو لەژێر زەبری ڕاپەڕینی جەماوەری

بەڵام بەرەی دژە شۆڕش، نۆکەری لەگۆڕدەرچووشی هەبوو. ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتە ڕووخاوەکەی، بە هەزار فرتوفێڵ و بە یارمەتی ئیسرائیل و زلهێزەکان و بە پارە و میدیا خرانە ژێر زەرەبین و زەق کرانەوە. بە هەراوهوریا و عەربەدەکێشان لە شەقامەکانی ئەورووپا و ئەمریکا، بەرەنگاری نەیارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوونەوە و بوونە لایەنگری سەرسەختی هێرشی سەربازی ئەمریکا. سەرەڕای ئەوەش، کەسایەتیگەلێک لە ڕەوتە لیبراڵ و ناسیۆنالیستە کوردەکان بە داواکاری لە ئەمریکا بۆ "یارمەتیدانی خەڵکی ئێران" پەیوەست بوون بەم سناریۆ ڕەشەوە و جارێکی دیکە سەلماندیان کە لە بەرانبەر خواست و ئیرادەی کۆمەڵگایەکی ڕاپەڕیودا وەستاونەتەوە

سەرەڕای هەموو ئەم سەرکوتگەرییە خوێناوییانە و پیلانە دژە شۆڕشەکانی ڕەوتە ڕاستەکان، نارەزایەتییەکانی خەڵک تا چەند ڕۆژ دواتر و تا ئێستاش درێژەی هەیە. کۆماری ئیسلامی بریندار، ئێستا لە کۆمەڵگایەکی هەڵچوو و تووڕە زیاتر لە هەموو کاتێک دەترسێت و هەموو کارت و ئیمکاناتی خۆی، لەوانە سازش لەگەڵ ئەمریکا بۆ ڕزگارکردنی خۆی، خستۆتە سەر مێز

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**

ئێوەش بە شێوازی جۆراوجۆر و بەتایبەت لە ناوچەکانی باشوور، دیمەنی بەهێزتان لە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ ڕاپەڕینی ناوچەکانی دیکە نیشان دا. ئازار و خواستی ئێوە سەرەڕای داسەپاندنی ستەمی نەتەوایەتی، هەمان ئازار و مەینەتە کە باقی خەڵکی ستەمدیتە و زەحمەتکێش لە ئاستی سەرتاسەریدا تووشی بوون. گوشاری خنکێنەری گرانی، بێکاری، هەژاری و فەلاکەت، سەرکوت و نائەمنی و سووکایەتی، ئازاری هاوبەشی هەموومانە. تەنیا بە خەبات و هاوپشتی سەرتاسەری دەتوانین لە دەسەڵاتی دێوەزمەی ئیسلامی تێپەڕین. ئەزموون و لێهاتوویی خەڵکی تێکۆشەر لە کوردستان دەتوانێت یارمەتییەکی بەرچاو بەم خەباتەی ئێستا بدات کە بە تەواو مانا خوازیاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە. با یەکگرتوو و هاوپشت و یەکدەنگ، کۆماری ئیسلامی بریندار و لاوازبوو فڕێ دەینە زبڵدانی مێژووەوە. با دژی دەستێوەردانی دەرەکی و دووبەرەکی خستنە نێو ڕیزی بزووتنەوەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆراکانی خەڵک لە شار و شارۆچکە و گوندەکان چالاکانە تێبکۆشین

با ئاڵتەرناتیڤی "دەسەڵاتی شۆرایی" لە بەرانبەر ئاڵتەرناتیڤگەلێک کە دەیانەوێت لە سەرووی ئیرادەی کۆمەڵگاوە خۆیان داسەپێنن، لە کارخانە و گەڕەکەکان، قوتابخانە و فەرمانگەکان و لە هەموو شوێنێک بە شێوەیەکی نەسرەوتوو تەبلیغ بکەین و نیشانی بدەین کە شێوازی دەسەڵاتداریی سەرمایەداری، چارەنووسی حەتمی ئێمە نییە و دەتوانین دەسەڵاتی خۆمان دامەزرێنین. پێویستە بە ڕێکخستنی خۆمان لە شوێنی کار و ژیان، بۆ نەبەردەکانی داهاتوو ئامادە بین

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، وێڕای ستایشی ڕەزمی گیانبەختکردووانی شۆڕشگێڕ، خۆی بە هاوبەشی خەمی بنەماڵەی هەزاران ئینسانی ئازیز دەزانێت کە لە پێناو ئازادی و یەکسانی و لە دژی ستەم و زۆرداریی ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی خەڵتانی خوێن کران. یادی ئازیزیان لە درێژەی خەباتی خەڵکی ئازادیخواز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەمیشە زیندوو و هاوڕێمان دەبێت

بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٢٥ی بەفرانباری ١٤٠٤

١٥ی ژانویەی ٢٠٢٦

***

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# لەکارخستنی ماشێنی کوشتوبڕی کۆماری ئیسلامی لە گرەوی چیدایە؟

ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی شەپۆلی ڕاپەڕینی جەماوەریی ئەم دواییە، هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە بە جێگیرکردنی هێزە ئەمنییەتییەکان، پۆلیس و گاردی تایبەت لە شارە جیاجیاکان و ئەو ناوچانەی کە بوونەتە کانون و چەقی ناڕەزایەتییەکان، جۆرێک لە حکوومەتی سەربازیی ڕانەگەیەندراوی بەڕێوە بردووە. تا پانزەهەمین ڕۆژی ئەم ناڕەزایەتییانە، لە ئاکامی پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ سەر ڕیزەکانی خەڵکی ناڕازی و دەسڕێژکردن لێیان، زیاتر لە ٥٤٠ تێکۆشەر گیانیان بەخت کردووە، سەدان کەس بریندار و زیاتر لە دە هەزار و حەوتسەد کەسیش دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کراون. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بەتایبەت لە ڕۆژی سێزدەهەمی ناڕەزایەتییەکانەوە بە پچڕاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت، دڕندەیی و وەحشیگەرییان گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی. سەران و فەرماندەکانی حکوومەتی ئیسلامی کە توانای شاردنەوەی ئەم جنایاتە خۆفاناکەیان نییە، „ئاژاوەگێڕانی چەکدار“ بە هۆکاری ئەم کوشتارە دەناسێنن. ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی بەفرانبار، بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆی تەرمی بێگیانی ناڕازییان لە „کەهریزەک“ی تاران و دیمەنی ئەو بنەماڵانەی کە بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە بەدوای ئازیزانیاندا دەگەڕان، گۆشەیەک لەم جنایەتەی خستەڕوو. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم وێنە و گرتە ڤیدیۆییانە، پچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێت نیگەرانییەکانی لەمەڕ پەرەسەندنی مەترسیی کوشتارێکی لەو چەشنە زیاتر کردووە.

گومان لەوەدا نییە کە توانایی ڕژیم لە سەرکوتی خوێناوی و ئەنجامدانی وەها جینایەتگەلێکی خۆفناک، یەکێکە لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای جەماوەریبوونەوەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام کلیل و چارەسەری تێپەڕین لەم کۆسپەش هەر لە دەستی جەماوەری خەڵکدایە. بۆ نموونە ئەگەر جەماوەری ناڕازی لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران هاوکات لە چەندین خاڵی شار و لە ئاستی چەندین هەزار کەسیدا بڕژێنە سەر شەقامەکان، و وشیارانە فێڵ و تەڵەکەکانی هێزە ئەمنییەکان بۆ گۆڕینی ناڕەزایەتییەکان بۆ شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقام پووچەڵ بکەنەوە، نە تەنیا دەتوانن هێزی سەرکوتی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بکەن، بەڵکوو دەتوانن یەکگرتوویی و شیرازەیان لەبەریەک هەڵوەشێنن. هەر لەم ئاراستەیەدا پێویستە چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە کاری ڕێکخراوەیی و بە داهێنان و ئەزموونەکانی خۆیان لە بواری گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... بە ئامادەکردن و هێنانە مەیدانی بەرینی جەماوەر بۆ ناڕەزایەتییەکان، پێشڕەویی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە زەمانەت بکەن. لەم ڕێگەیەدا پێویستە خەڵک بە تەواوی وشیار بن و ڕێگە نەدەن کە دەزگا ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەیداندان بە گرووپێکی سەڵتەنەتخوازی کۆنەپەرست، خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی ئەوان بەلاڕێدا بەرن و هەر ئەم فێڵەش بخەنە خزمەت زەربەلێدان لە ئیعتیباری خەباتی خەڵک و پەرەپێدانی سەرکوت.


پێداویستییەکی دیکەی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییە، هاتنە مەیدانی چینی کرێکار لە کارخانەکان و ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییە بە مانگرتنی یەکپارچە و سەرتاسەری و بە تێکەڵکردنی داخوازییە ئابووری و سیاسییەکان، لەوانە داخوازیی کۆتایی هێنان بە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان، ئازادیی سەرجەم دەستبەسەرکراوان و زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە. چینی کرێکار سەرەڕای ئەو کۆسپە زۆرانەی لەسەر ڕێگایەتی، بە پشت بەستن بە دەستکەوتی خەباتی تا ئێستای، بە پشت بەستن بە بوونی ڕێبەرانی لێهاتوو و کارزان کە هەیەتی، بە پشت بەستن بە ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆمیتەکانی کارخانە کە نوتفەی شورا کرێکارییەکانن و بە پشت بەستن بەو ئەزموونانەی کە لە ڕێکخستنی سەدان مانگرتنی شکۆمەندا هەیەتی، دەتوانێت بە ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەریی خۆی، پەیوەست بێت بەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەوە و بە پەیوەستبوونی خۆی، ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ڕژیمی ئیسلامی زەوینگیر بکات. پەیوەستبوونی چینی کرێکار لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا بەم ناڕەزایەتییانەوە، لە هەمان کاتدا دەتوانێت زەمینەیەکی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوەبوون و پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکان و بەحیزی بوونی کرێکاران فەراهەم بهێنێت.

مەرجێکی دیکەی زەمانەتی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە، بەستراوەتەوە بە گەڵاڵەکردن و پەرەپێدان بە ستراتیژی و ئاسۆی سیاسیی ڕوون و شۆڕشگێڕانە، ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەری. کەواتە نابێ بەڵێنیی سەرکەوتنی ئاسان و بێزەحمەت بە جەماوەر بدرێت، بەڵکوو دەبێ بە کردەوە لە ڕێگای وەڵامدانەوە بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەم بزووتنەوەیە و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەشکست کێشانی حیزبی پادگانیی سپای پاسداران و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی هەنگاو هەڵبگیرێت و جەماوەر لە سەختی و دژوارییەکانی ئەم ڕێگا پڕ لە کۆسپە ئاگادار بکرێنەوە.

ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بزووتنەوەیەکی سەلبی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە. جەماوەری ڕاپەڕیو دژ بە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، دژ بە نایەکسانییەکان، بێبەشییەکان و هەڵاواردنگەلێک پێیان ناوەتە مەیدانی ناڕەزایەتی و خەباتەوە کە ڕیشەیان لە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی ئێراندایە. بەم پێیە، ئەم بزووتنەوەیە نەک تەنیا ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەبەردەم خۆیدا داناوە، بەڵکوو بەپێی ماهییەتی داخوازییەکانی، بزووتنەوەیەکی دژە سەرمایەدارییە. خەڵک بە هەق بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران چاویان بڕیوەتە ئەو ئیمکاناتە بەرینەی کە لە ئێراندا نهێنییە. دەبێ وێنەیەکی ڕوون لەو دەسەڵاتەی کە دوای کۆماری ئیسلامی دێتە سەر کار، ببرێتە نێو خەڵکەوە. کەواتە دەبێ ئاسۆی سۆسیالیستی، ئاسۆی حکوومەتی شورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و شوراکانی خەڵک لە بەرانبەر ئەم بزووتنەوەیەدا دابنرێت. دەبێ هەوڵ بدرێت دروشمگەلێکی وەک ”نان، کار، ئازادی – ئیدارەی شورایی“، ”ئازادی، یەکسانی – ئیدارەی شورایی“ کە لەلایەن ناڕازییانەوە لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا گەڵاڵە کراون، بە کەمپەینە سیاسی-تەبلیغییەکان هەرچی جەماوەریتر بکرێنەوە. دەبێ شرۆڤەیەکی ڕوون لەم دروشمانە و لە مانای ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی و ئیدارەی شورایی ببەینە نێو جەماوەرەوە.

دەبێ بە شێوەیەکی لێبڕاوانە و ماندوونەناسانە، سەبارەت بە مەترسیی پڕۆژە ئیمپریالیستییەکانی گۆڕینی ڕژیم واتە ”ڕژیمچەینج“ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرووی ئیرادەی خەڵکەوە، هۆشداری بدرێت و هەڵوێست و ستراتیژیی سیاسیی بەشە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران بۆ بەلاڕێدابردن و بەشکست کێشانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە. دەبێ ناتەبایی بەرنامە ئابوورییەکانی ئەوان کە هەمان سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد و نیۆلیبڕالیزم بە بەڕێوەبەرایەتیی غەیرە ئیسلامییە، لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی کە لە بواری یەکسانیی سیاسی و یەکسانیی ژن و پیاو بە خەڵکی دەدەن، بە ئاشکرا نیشان بدرێت. ئەوانەی بەدیلیان سەرمایەدارییە بە بەڕێوەبەرایەتیی غەیرە ئیسلامییەوە، ناتوانن بەڵێنی ئازادی و خۆشگوزەرانی بە خەڵک بدەن. سەرمایەداری بە بەڕێوەبەرایەتیی غەیرە ئیسلامیشەوە هەر حکوومەتێکی ئیستبدادییە.

❊❊❊



**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

# بەڵگەنامەی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## مەنشووری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتداریەتیی شورایی لە ئێران

شەپۆلی تازەی ڕاپەڕینی سەرانسەری، کە لە ٧ی بەفرانباری ١٤٠٤ و بەدوای دارمانی بەهای دراوی نێوخۆیی و بەرزبوونەوەی سەرسوڕهێنەری نرخی کاڵا پێویستەکانی ڕۆژانەی خەڵک دەستی پێکرد، بە خێرایی زانکۆکان و دەیان شاری ئێرانی گرتەوە. جەماوەری ڕاپەڕیو لە هەموو شوێنێک و لەسەر شەقامەکاندا، بە دروشمی „مەرگ بۆ دیکتاتۆر“، گشت ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج. سەران و فەرماندەکانی حکوومەتی ئیسلامی کە لە تەشەنەسەندنی ئاگری تووڕەیی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک تۆقیبوون، هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە بە ئامرازی سەرکوتی خوێناوی هاتنە مەیدانەوە و لە ڕۆژانی دوازدە و سێزدەهەمی ناڕەزایەتییەکاندا، بە بیانووی بانگەوازەکانی „ڕەزا پەهلەوی“ و فەرمانەکانی „ترامپ“، دڕندەیی و وەحشیگەرییان گەیاندە ئەوپەڕی خۆی و ڕەهەندێکی سامناکیان بە تاوانەکانیان بەخشی. سەرانی کۆماری ئیسلامی لەم ڕۆژانەدا بە پچڕاندنی ئینتەرنێت و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، هەزاران کەسیان کۆمەڵکوژ کرد و بە کەڵەکەکردنی تەرمی قوربانییان لە سولە گەورەکانی „کەهریزەک“ی تاران و ناوچەکانی دیکە و بە نمایشکردنی ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە، لەوپەڕی زەلیلی و داماویدا، هاواریان کرد کە سەرکەوتوون.

ئەم شەپۆلە بەهێزەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی، لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١ و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و تۆفانە سیاسییە مەزنەکاندایە کە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا سیمای سیاسی ئێرانیان گۆڕیوە و وەرچەرخانێکی گەورەیان لە زهنییەت و وشیاریی کرێکاران و خەڵکی ئێراندا پێک هێناوە. هێزی بزوێنەری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە، کرێکاران، هەژارانی شار، ژنان، مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران و لاوانی ژێردەستن کە ناڕەزایەتی بەرانبەر بە گرانی و هەڵئاوسانی بەرین، بێکاری و هەژاری و نەهامەتیی ئابووریی کەموێنە، هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئایینی و بێبەشبوون لە مافی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تاکەکەسی و سیاسەتی وێرانکەریژینگە، ئەوانی بەرەو گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران ڕاکێشاوە. بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران کە بە مانگرتن و ناڕەزایەتییە شکۆدارەکانی خۆی لە ماوەی نزیک بە دوو دەیەدا ئیلهامبەخشی بزووتنەوە ناڕەزایەتییە ڕادیکاڵەکانی دیکە بووە، نەک هەر بەستێنی سیاسی بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییانە ئامادە کردووە، بەڵکوو خۆشی لەم بزووتنەوانە هێزی وەرگرتووە. ژنانی وەزاڵەهاتوو لە دەست هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان کە بە ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆیان لەم گۆڕانکارییانەدا کۆڵەکە ئایدۆلۆژییەکانی نیزامی ئیسلامییان تێک شکاند، لە دۆخی هەنووکەییشدا بە پاشەکشەپێکردنی یاسای حیجابی ئیسلامی، سیمای شەقام و شارەکانی ئێرانیان گۆڕیوە. بزووتنەوەی خوێندکاری کە گەلێک جار سەلماندوویەتی لە ساتە هەستیارەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەدا لە ڕیزی ژێردەستانی کۆمەڵگادایە، هەروا بەردەوام سەنگەری بەرخودان و بەرگری لە ئازادی و یەکسانییە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە ئاستێکی جەماوەریدا نیشانی دا کە بۆ ڕزگاربوون لە چنگ کۆماری ئیسلامی و بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان، ستراتیژی یەکگرتوویی و هاوپشتییان لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری گرتووەتەبەر. گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک نووسەران، شاعیران، هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ و سینەماکارانی پێشڕەو، بە هاوڕێییکردن و وێناکردنی حەماسە و گیانفیدابییەکانی بەرەی ناڕەزایەتی و ڕەنج و کار، بەکردەوە دەورونەخشی هونەری پێشڕەویان لە ئەزموونی زیندووی خەباتی جەماوەردا خستە ڕوو.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییە مەزنانە کە لە هاودڵی و پشتیوانی زۆرینەی خەڵکی ئێران بەهرەمەندن، نەبوونی مەشرووعییەتی سیاسی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان بە ڕوونی ئاشکرا کرد. لەم هەلومەرجەدا، قووڵبوونەوەی قەیرانی مەشرووعییەت، بنبەستی ئایدۆلۆژیک، قووڵایی قەیرانی ئابووری و وێرانبوونی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزە، گەندەڵیی دامەزراوەیی و پەرەسەندنی باندە مافیاییەکان لە نێو پێکهاتەی دەسەڵاتدا، ئاکامی توندتربوونی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، هەڵئاوسانی بێلەمپەر، گرانی بێوێنە و سونامی بێکاری، قەیرانی ژینگەیی لەکۆنترۆڵدەرچوو و دەیان بابەتی دیکە، حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانی تەنانەت لە دابینکردنی نان و ئاو، کارەبا و هەوای پاک، داماو و بێتوانا کردووە. ئەم داماوییە لەسەر بەستێنی شکستی سیاسەتی ستراتیژیکی ناوچەیی و هەڵوەشانەوەی هێزەکانی „میحوەری موقاوەمەت“ و دۆڕاندن لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا، کێشمەکێش و قەیرانی حکوومەتی توندتر کردووەتەوە. لە دۆخی ئێستادا حکوومەتی ئیسلامی لە هەمان کاتدا کە بۆ دەرچوون لەژێر گوشاری هێزە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ڕزگاربوون لە گۆشەگیریی نێودەوڵەتی ڕووی لە دانوستان و سازش کردووە، بەڵام ڕوو لە خەڵک و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، پشتی بە ستراتیژی توندکردنەوەی سەرکوت و ئەنجامدانی تاوانی سامناک، وەک ڕەمزی مانەوەی خۆی، بەستووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لەسەر بەستێنی حەقیقەتە ئابوورییەکان، قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت، هەڵاواردن، نایەکسانی و ئاسۆی پەرەسەندنی گرانی و هەژاری و نەهامەتی زیاتر، لە کاتێکدا کە ڕژیمی ئیسلامی لە وەڵامدانەوە بە داخوازیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان داماو و بێتوانایە و چەکی کوشتار و سەرکوتیش کارایی ڕابردووی بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگا لەدەست داوە، گەشەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەو و ناڕەزایەتییەکانی دیکەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی و هەر وەک چۆن ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ئێستا نیشانیان دا، ڕاپەڕینی مەزنتری خستووەتە ئاسۆوە.

لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا، نەک هەر باڵەکانی دەسەڵات، بەڵکوو هیچ کام لە بەشەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێرانیش، وەڵام و ڕێگەچارەیەکیان بۆ کۆتاییهێنان بەم هەموو هەژاری و نەهامەتییە ئابووریی و کارەساتە کۆمەڵایەتییانە پێ نییە. بەشگەلێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیی ئێران، لەوانە ڕەوتە کۆماریخوازەکان کە لە هەڵکشانی بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانە زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دەترسن، بە پشتبەستن بە ستراتیژیی „دووری گرتن لە توندوتیژی“، پێشوەختە مۆری „توندوتیژیخوازی“یان لە شۆڕش و دەستپێشخەریی جەماوەر داوە و دژایەتی خۆیان لەگەڵ هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانە ڕاگەیاندووە. ڕێگەچارەی ئەم هێزانە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداریی ئێران، شتێک نییە جگە لە درێژەدان بە بێکارسازییەکان، درێژەدان بە هەرزانکردنی هێزی کار، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پەیڕەوکردنی بەرنامە ئابوورییەکانی پشتبەستوو بە بازاڕی ئازاد. ئەم هێزانە لە باشترین حاڵەتدا دەیانهەوێ بە پاراستنی پەیوەندی و داب و دەستووری سەرمایەداری، حکوومەتێکی چەوسێنەری غەیرە مەزهەبی جێگەی ئیستبدادی مەزهەبی دەسەڵاتدار بگرێتەوە.

دەستەیەکی دیکە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی وەک سەڵتەنەتخوازەکان، سازمانی موجاهیدینی خەلک، کۆماریخوازانی لایەنگری ڕۆژئاوا و حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان و ناوچەکانی دیکە، بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ئومێدیان بە گوشارە ئەوپەڕییەکانی دەوڵەتی ترامپ، لەوانە دەستێوەردانی سەربازی و کردەوە جەنگییەکانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل، بەستووە و جگە لە „دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە بان سەری جەماوەری خەڵکەوە“ و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، هیچ ئاسۆ و ڕوانگەیەکی دیکەیان نییە. بێگومان لەم چەشنە دۆخێکدا، دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا نەک هەر بە زیانی بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵکی ئێران دەشکێتەوە، بەڵکوو دەتوانێت ببێتە هەنگاوێک لە خزمەت مانەوە و باڵادەستبوونی باڵێک لە حکوومەتی ئیسلامی، کە هەم پتانسیەلی سازش لەگەڵ ئەمریکا و هەم توانایی سەرکوتکردنی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی هەبێت.

لەم نێوەندەدا، سۆسیالیزم تاکە بەدیلێکە کە دەتوانێت ئاسۆی ڕزگاری بە ڕووی کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی ئێراندا بکاتەوە کە لە ئاست هەژاری و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەگیان هاتوون. سۆسیالیزم و جێگیرکردنی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی ئێران، تاکە بەدیلێکە کە دەتوانێت کۆتایی بە سەرجەم کێشە ئابوورییەکان، کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان و بێمافی و هەڵاواردن و نایەکسانییەکان بهێنێت کە بەرۆکی هەموو بەشمەینەتانی گرتووە. بەدیلی سۆسیالیستی لەسەر بنەماگەلی عەینی و عەمەلیی واقیعبینانە دامەزراوە. بەدیلی سۆسیالیستی، بە هێزی ڕاستەقینەی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئەم چینە و بە هێژمۆنی سیاسی ئەو بەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا پشت دەبەستێت؛ ئەم بەدیلە بە بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان، بە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی خوێندکاری، بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و خەباتی نەتەوە بندەستەکانی دیکە، بە بزووتنەوەی مرۆڤدۆستانەی „نا بۆ سێدارە“ و بە خەباتی مەیدانی ئەوان پشت دەبەستێت. واتە ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە زیندوو و حازر لە مەیداندان و لەژێر تیغی سەرکوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە بواری خۆڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریشدا پێشڕەوییان کردووە. ڕێبەران و چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بە یەکگرتن لە دەوری ستراتیژییەکی سۆسیالیستی لە بواری ڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەری و دەستەبەرکردنی هێژمۆنی سیاسی بەسەر ئەم بزووتنەوانەدا، دەتوانن لەم قۆناغەدا ئەرک و ڕیسالەتی خۆیان بەجێ بێنن. بزووتنەوەی کرێکاری بە پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆی و لە یەکێتی و هاوپشتی لەگەڵ ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییانەدایە کە دەتوانێت کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بڕووخێنێت؛

سپا و ئەرتەش و دەزگای سەرکوت و بورۆکراتیک و یاسادانانی ئەو تێک بشکێنێت و لەسەر وێرانەکانی، دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی ئێران بنیات بنێت و بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئابووریدا، ئاسۆی ڕزگاری لە سەرجەم کارەساتەکانی سیستەمی سەرمایەداری و ئاسۆی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بە ڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێی ناوەتە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە، شورای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان جەخت لەسەر زەروورەتی پەرەپێدانی خەباتی یەکگرتووانە و سەرتاسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی ئێران دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی سیستەمی پەرلەمانی لە نیزامی سەرمایەداریدا کە دەخالەت لە سیاسەت و بەڕێوەبردن و مودیرییەتی کۆمەڵگا دەکاتە پسپۆڕییەک کە لە دەسترەسی کرێکاران و خەڵک بەدوورە- دەسەڵاتی شۆرایی کە لەسەر دەخالەتی ڕاستەوخۆی هاووڵاتییان لە ئاستی مەحەلییەوە تا سەرتاسەری دامەزراوە، دەخالەتی کرێکاران و خەڵک لە بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکان و بەڕێوەبردن و مودیرییەتی کۆمەڵگا دابین و مسۆگەر دەکات؛ بۆیە ئێمە لە بەرامبەر گەڵاڵە و پلانەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆ „قۆناغی گوزار“ و „سیستەمی پەرلەمانی“، نیزامی شۆرایی بە باشترین و دەستەبەرترین ئامراز بۆ دەخالەتی تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگا وەک یاسادانەر و جێبەجێکاری یاسا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا دەزانین.

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە، لە هەلومەرجێکدا کە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر لە هەر کاتێکی تر پەیوەندییەکانی بەربڵاو کردووەتەوە و دەرفەتی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەموو خەڵک ڕەخساندووە، سیستەمی شۆرایی پرسی دەخالەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگای زیاتر لە جاران ئاسان کردووە و کردوویەتی بە دەرفەتێکی عەمەلی. بەڕێوەبردنی شۆرایی کۆمەڵگا دەتوانێت ڕێگری بکات لە دامەزراندنی سیستەمێکی بورۆکراتیک کە دووبارە لە سەرووی خەڵکەوە بوەستێت و ئەوان بکاتەوە بە تەماشاچییەکی بێدەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت. کرێکاران و خەڵکێک کە لە سیستەمی شۆراییدا ڕێکخراو دەبن، خۆیان هەم یاسادانەر و هەم جێبەجێکاری یاسا دەبن. لەم سیستەمە حکوومەتییەدا، سەرجەم بەرپرسانی ئیداری، سیاسی و قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەرکاتێک زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەتوانن لەسەر کار لایانبەرن. دەسەڵاتی شۆرایی خاوەنی پێکهاتەیەکی هێرەمییە و „کۆنگرەی سەرتاسەریی شۆراکان“ بەرزترین ئۆرگانی دەسەڵاتی خەڵک لە ئێرانە. کۆنگرەی سەرتاسەریی شۆراکان، یاسادانەر و ڕێکخەری باڵاترین دامەزراوە دەوڵەتییەکان و کاروباری جێبەجێکردنە و چاودێری بەسەر کارەکانیاندا دەکات. لە حکوومەتی شۆراییدا، حیزبە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی شۆراکان لە ئاستە جیاوازەکاندا دەتوانن لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردن و مودیرییەتی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسیدا حزووریان هەبێت.

دەسەڵاتی شۆرایی کە بەرهەمی ڕاپەڕینی جەماوەرە، دەتوانێت ئەم هەنگاوە سیاسییانە و بڕگەکانی ئەم بەرنامەیەی خوارەوە، کە ڕیشەی لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی ئێراندا هەیە، ڕابگەیەنێت و دەستبەجێ جێبەجێیان بکات:

١-دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ڕێگای ئۆرگانەکانی پیادەکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە. پەرەپێدانی شۆراکانلە شوێنی کار و ژیانەوە تا ئاستی شار، ناوچەیی و سەرتاسەری لە جێگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، وێڕای دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی گشتی، هەمەلایەنە، ئازاد، نهێنی و یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتییان و بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی جەماوەری. مافی هەر تاکێکی سەرووی ١٨ ساڵ بۆ خۆ کاندید کردن و وەرگرتنی هەر پۆستێکی هەڵبژاردن. مافی لێسەندنەوەی متمانە و لابردنی نوێنەران لەلایەن دەنگدەرانەوە، لە هەموو ئاستەکاندا و هەر کاتێک کە زۆرینەیان ئیرادە بکەن.

٢-دەستبەسەرکردن، دادگایی و سزادانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگا عەلەنییەکاندا.

٣-ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسی. هەڵوەشاندنەوەی „تاوان“ی سیاسی و لابردنی زیندانی سیاسی. هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و قەدەغەکردنی ئەشکەنجە.

٤-ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی بێ شەرت و مەرجی ئازادی سیاسی، بیروباوەڕ، ڕادەربڕین، میدیا، کۆبوونەوە، ڕێکخراو، حزب، مانگرتن و قەدەغەکردنی هەرچەشنە پشکنینێکی بیروباوەڕ. ئازادی و دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ئینتەرنێت، مافی دەستگەیشتن بە زانیاری بەبێ سانسۆر و ئازادی هەمووان بۆ بەکارهێنانی بەرنامە و تۆڕە جۆراوجۆرە ئینتەرنێتییەکان بە مەبەستی دەربڕینی بیرورا و هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە سانسۆرێک.

٥-جیایی تەواوەتی ئایین لە دەوڵەت و لە پەروەردە و فێرکردن. ئازادی ئایین و بێئایینی. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاسا مەزهەبییەکان، داخستن و هەڵوەشاندنەوەی بونیاد و دامەزراوە مەزهەبییە حکوومییەکان. دەستبەسەرداگرتنی موڵک و دارایی هەموو دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری جەهل و خورافە و تەرخانکردنی بۆ پێداویستییە دەستبەجێکانی خەڵک.

٦ – بەرقەرارکردنی کۆنترۆڵی کرێکاری بەسەر بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردندا.

٧ – دابینکردنی بژێوی ژیان و ڕەفاهی هەموو هاووڵاتیان بەپێی ستانداردەکانی دنیای ئەمڕۆ، لەلایەن شۆرا و ناوەندەکانی هەڵبژێردراوی کرێکاران. دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کەسانی ئامادەبەکاری سەرووی ١٨ ساڵ و سەرجەم کەسانێک کە بە هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە. زەمانەتکردنی پەروەردە و تەندروستی بێبەرامبەر بۆ هەموو هاووڵاتییان.

٨ – هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری و ستەمی ڕەگەزی لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی. ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی تەواو و بێ شەرت و مەرجی یەکسانیی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی دەرفەتی یەکسان بۆیان لە هەموو بوارەکاندا.

٩-بەفەرمی ناسینی تەواوی مافی خواستی ڕەگەزی لەوانە مافی هاوسەرگیری هاوڕەگەزخوازان و نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردن و ستم لە دژی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان.

١٠-قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵانی خوار ١٨ ساڵ. دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافی هەموو منداڵان بۆ پەروەردە، تەندروستی، سەلامەتی و شادی و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنیان. بە تاوانی جەنایی ناساندنی هەر جۆرە دەستدرێژی و سووکایەتییەکی سێکسی بۆ سەر منداڵان و پاراستنی منداڵان لەلایەن دەوڵەتەوە.

١١ – سڕینەوەی هەموو جۆرەکانی ستەم و جیاکاری و نایەکسانی لە کۆمەڵگا لەڕێگەی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی بەرابەریی مافی هەموو هاووڵاتییان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە و نەژاد. ڕیشەکێش کردنی ستەمی نەتەوەیی و چارەسەکردنی پرسی نەتەوەیی لەڕێگەی بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی جیابوونەوە بەپێی هەڵبژاردن و دەنگی خۆیان. ئێمە لە هەمان کاتدا خوازیاری یەکگرتوویی ئازادانە و خۆبەخشانەی هەموو دانیشتووانی ئێرانین و لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەم یەکگرتووییە بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە.

١٢ – هەڵوەشاندنەوەی  بازرگانییە نهێنییەکان. هەڵوەشاندنەوەی دیپلۆماسیی نهێنی.

١٣ – گرتنەبەری ڕێوشوێنی دەستبەجێ و پلاندانانی درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو، خاک و هەوای پاک، لە ڕێگەی کەمکردنەوە و پاشان کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی سووتەمەنییە فوسیلییەکان و جێگرتنەوەیان بە وزە پاکەکان.

١٤ – بەکۆمەڵایەتیکردنی خاوەندارێتی بەسەر کەرتە سەرەکییەکانی پیشەسازی، بانکی، خزمەتگوزاری، بازرگانی و کۆمپانیا گەورەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا.

١٥ – دەستبەسەرداگرتنی سەرجەم دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان و ماڵ و موڵک و دارایی دەزگا و بونیادە جۆراوجۆرەکانی سەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ئیختیار گرتنی مەوقووفات و بەکارهێنانیان لە خزمەت دابینکردنی خۆشگوزەرانیی گشتیدا.

١٦ – دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی ئێران، پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی کرێکاری، سۆسیالیستی، ڕزگاریخواز و ئازادیخواز لە سەرتاسەری جیهان و ناوچەکە بە ئەرکی گرنگی خۆی دەزانێت.

کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم، بانگەواز لە کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش، ئازادیخوازان، ژنانی پێشەنگ و کۆمۆنیستەکان دەکات بۆ پەیوەستبوون بە ئاڵتەرناتیڤی شۆرایی، بۆ گێڕانی ڕۆڵ لە شکڵپێدان و سەرخستنی ئەم ئاڵتەرناتیڤە و بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ئاسۆیە لە خەباتی ئێستادا. ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە کە چارەنووسی نەوەکانی داهاتووش دیاری دەکات. بڕیار و ئیرادە و پراتیکی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆی ئێمە دەتوانێت و دەبێت شێوە بەم قۆناغە و بە داهاتوو بدات. ئاڵتەرناتیڤی شۆرایی و سۆسیالیستی پێویستییەکی هەنووکەیی و مومکینە و دەبێت لە ڕەوتی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و لە دواڕۆژی سەرکەوتندا، کۆتایی بە هەموو مەینەتی و کارەساتەکانی سەرمایەداری بهێنێت.

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئەرک و ڕسالەتەی سەرەوە، بۆ یەکگرتوویی و هێنانە مەیدانی بەرەی چەپ و شۆڕشگێڕ تێدەکۆشێت. شورای هاوکاری بە مەبەستی بردنەپێشی ئەم ئامانجە، پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی، پەرەپێدانی هاوکاری و بەکارهێنانی دەستپێشخەری و هەنگاوە پێویستەکان لەم بوارەدا، بە بەشێک لە دەستوورکار و ئەرکە هەمیشەییەکانی خۆی دەزانێت.

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**
**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**
**بژی یەکگرتوویی ڕیزەکانی بەرەی ئاڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**
ژانویەی ٢٠٢٦ – بەفرانباری ١٤٠٤

*** 

# زەروورەتی سیاسی بەرپاکردنی مانگرتنی کرێکاری
## بە داواکاریی کۆتاییهێنان بە سەرکوتگەرییەکان و ئازادی دەستبەسەرکراوان

ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ئێران، ئێستا پازدەهەمین ڕۆژی خۆی تێپەڕاندووە. ئامارە بڵاوکراوەکان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە، باس لە هەڵکشانێکی بێوێنە لە ژمارەی گیانبەختکردووان و دەستبەسەرکردنە بەرفراوانەکان دەکەن؛ هەڵکشانێک کە لە سایەی دزەکردنی شێنەیی زانیارییەکان لە دۆخی سەرکوتی توند، کەشی ئەمنییەتیی زاڵ و پچڕاندنی سیستماتیکی ئینتەرنێت و پەیوەندییە گشتییەکاندا ئاشکرا دەبێت. ئەم دۆخە، دەرفەتی تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانی پەیوەست بەم تاوانانەی بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار کردووە و هاوکات ڕەهەندە شاراوەکانی توندوتیژی و کوشتارە حکوومەتییەکانی دەرخستووە.




ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی ئێراندا دەگوزەرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و وشیارانەی جەماوەری چەوساوەی کۆمەڵگایە لەگەڵ نەزم و سیستمێکدا کە مانەوەی خۆی لە هەژاریی پێکهاتەیی، سەرکوتی ڕێکخراو و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە مرۆییەکانی زۆرینەی خەڵکدا دەبینێتەوە. کوشتاری زیاتر لە ٦٠٠ کەس کە لەسەرەتاوە ڕاگەیێندرا لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکاندا، ٨ منداڵی خوار ١٨ساڵیان تێدایە، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵات بۆ پاراستنی خۆی هیچ سنوورێک لە پەنابردن بۆ توندوتیژیدا ناناسێت و گیانی مرۆڤەکان، تەنانەت منداڵانیش، لە لێکدانەوەکانیدا هیچ بەهایەکی نییە. بوونی منداڵان لە ڕیزی گیانبەختکردوواندا، دەرەنجامی ڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی بێبەزەییانەی هێزی سەرکوتگەرە دژی خەڵکێک کە بۆ کەرامەت و ژیانی ئینسانی ڕاپەڕیون.

پچڕانی شەش ڕۆژەی ئینتەرنێت، کە بەپێی ڕاپۆرتەکان ئاستی پەیوەندیی ئێرانی بە جیهانی دەرەوە بۆ نزیکەی یەک لەسەد دابەزاندووە، بەشێکی دانەبڕاوە لە ماشێنی سەرکوتی دەوڵەتی. بێبەشکردنی کۆمەڵگا لە پەیوەندی، ڕێکخستن و گەیاندنی زانیاری، هەوڵێکی ئاگایانەیە بۆ شاردنەوەی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی کوشتار، پێشگرتن لە دروستبوونی هاوخەباتی کۆمەڵایەتی و خوڵقاندنی کەشی ترس، دابڕان و بێخەبەری. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی ڕۆژانی ڕابردوو دەریخستووە کە ڕاستی، تەنانەت لە تاریکترین دۆخ و لەژێر قورسترین گوشارەکانیشدا، ڕێگای خۆی بۆ دەرەوە دەدۆزێتەوە.

هاوکات لەگەڵ کوشتاری سەر شەقام، دەستبەسەرکردنە بەرفراوانەکان یەکێکی دیکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرکوتە. تۆمارکردنی زیاتر لە ١٠٦٨١ حاڵەتی دەستبەسەرکردن و لانیکەم ٩٦ حاڵەتی دانپێدانانی زۆرەملێ، نیشاندەری هەوڵی سیستماتیکی دەسەڵاتە بۆ گواستنەوەی مەیدانی ناڕەزایەتی لە شەقامەوە بۆ زیندان. ئەم سیاسەتە، درێژەی لۆژیکی هەمان توندوتیژیی سەر شەقامە بە ئامرازگەلێکی دیکە؛ هەوڵێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی تاک و کۆمەڵ لە ڕێگای زیندان، گوشاری دەروونی، هەڕەشە، سووکایەتی ئاشکرا و نمایشی دانپێدانانە دروستکراوەکان. دانپێدانانی زۆرەکی، ئامرازێکە بۆ شەرعییەتدان بە سەرکوت و بەرهەمهێنانەوەی ڕەوایەتی ئەمنییەتی دەسەڵات و تاوانبار نیشاندانی قوربانیان.

لە دۆخێکی وەهادا، مەسەلەی پشتیوانی لە دەستبەسەرکراوان و بنەماڵەکانیان بووەتە ئەرکێکی هەرەگرینگ. زیندانەکان بوونەتە درێژکراوەی شەقامە سەرکوتکراوەکان و بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکان، بەشێکی دانەبڕاوە لە بەردەوامی خەباتی کۆمەڵایەتی. ڕێکخستنی پشتیوانی بەکۆمەڵ، ئاشکراکردنی دۆخی گرتووخانەکان، بەرەنگاربوونەوەی دانپێدانانی زۆرەکی و یارمەتیدانی بنەماڵەی گیانبەختکردووان و زیندانیان، تەنیا کارێکی مرۆیی نییە، بەڵکوو زەروورەتێکی سیاسییە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی هاوخەباتی و پێشگرتن لە پەرشوبڵاوی و دامرکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران دەگوزەرێت، ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوەیە لە ململانێی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکدا کە مانەوەی خۆی لە توندوتیژی و سەرکوتی بێسنوور و بێبەهاکردنی گیانی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە. کوشتاری نارازییان، گیانبەختکردنی منداڵان، پچڕاندنی پەیوەندییەکان و زیندانیکردنی هەزاران کەس، نیشاندەری ترسی قووڵی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگایەک کە دەستی بە وشیاری، هاوخەباتی و ناڕەزایەتی بەکۆمەڵ ڕاگەیشتووە. مێژوو بەردەوام سەلماندوویەتی کە هیچ نەزمێکی سەرکوتگەر، ناتوانێت هەتاهەتایە لە بەرامبەر ئیرادەی وشیار و ڕێکخراوی جەماوەردا خۆی ڕابگرێت.

لەم هەلومەرجەدا، بەرپاکردنی مانگرتنی کرێکاری لە ناوەند و دامەزراوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، وزە، گواستنەوە و بەشە خزمەتگوزارییەکان بە داواکاریی کۆتاییهێنان بە سەرکوت و ئازادیی دەستبەجێی دەستبەسەرکراوان، دەتوانێت هێزێکی گوشاری ئابووریی کاریگەر دروست بکات و تێچووی درێژەدان بە سەرکوت بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرز بکاتەوە. مانگرتنە کرێکارییەکان بە خواستی ڕاگرتنی سەرکوت و ئازادی زیندانیان، پەیوەندی نێوان „کارخانە و شەقام“ بەهێز دەکات، وره دەبەخشێت بە خەباتکاران و نارازییانی سەر شەقام و یارمەتیدەری بەردەوامی ناڕەزایەتییەکان دەبێت. مانگرتنی کرێکاری لە ڕێگەی گوشار خستنە سەر جومگە ئابوورییەکان، لە درێژەی خۆیدا دەتوانێت ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ڕژیمی ئیسلامی زەوینگیر بکات.

***

# پشتیوانیی ڕێکخراو و ناوەندە کرێکاری و کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی بەفرانباری ١٤٠٤ پەرەدەستێنێت

بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی سەرانسەری لە ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، لە دوازدەهەمین ڕۆژی خۆیدا شاهیدی پەیوەستبوونی شار و ناوەندی زیاتر بوو بە شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکانەوە. لەم ڕۆژەدا لە زۆربەی شارەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، مانگرتن و ناڕەزایەتیی بازاڕ و کاسبکاران و چین و توێژەکانی دیکە لە ئارادا بوو. لە هێندێک لە شارەکانیش خەڵکی ناڕازی ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتگەرە ئەمنیەتی و سەربازییەکان بوونەوە و تێکهەڵچوون ڕوویدا.

پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان یەک حەوتوو دوای هەڕەشەکانی عەلی خامنەیی لە ڕۆژی شەممە ١٣ی بەفرانبار دێت، کە خەڵکی ناڕازیی بە „ئاژاوەگێڕ“ ناوبرد و فەرمانی بە هێزە سەرکوتگرەکان دا (کە ئاژاوەگێڕان لە جێی خۆیان دابنیشێنن). هەڵبەت هێزە بەکرێگیراو و سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەڵک هاتنە مەیدان و تەقەیان لێ کردن کە لە ئاکامدا تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ کەس لە لاوان و مێرمنداڵان گیانیان بەخت کردووە. لەم پەیوەندییەدا موحسینی ئێژەیی، سەرۆکی جەللادی دەزگای قەزایی ڕژیمیش ڕۆژی سێشەممە ١٦ی بەفرانبار لە کۆڕی هێزە بەکرێگیراوەکانی „فەراجا“ و بە ئامادەبوونی سەرپاسدار ڕادان، ڕوو لە دادوەرەکان فەرمانی دەرکرد کە: „بۆ پێڕاگەیشتنی خێرا بە دۆسیەی ئاژاوەگێڕەکان، لقی تایبەت پێک بێنن و دادگایی کردنی ئەم کەسانە نابێ بۆ مانگەکانی داهاتوو دوا بکەوێت و حوکمی قورس و سەنگین دەربکەن“.

وێڕای ئەمانە، هەڕەشەکانی خامنەیی و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دژ بە ملیۆنان کەس لە خەڵکی خەباتکار و ناڕازی لەئاست هەژاری و نەداری و برسیەتی و دژ بە دیکتاتۆری، لە کاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و ناوەندە کرێکارییەکان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە ئێران، بە دەرکردنی ڕاگەیاندن و بەیاننامە، وێڕای مەحکوومکردنی ڕەوتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی دژ بە ناڕازییان و کوشتار و دەسبەسەرکردنیان، لە ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانیان پشتیوانی و پشتگیرییان کردووە. ئەم ڕێکخراوانە لە ڕاگەیاندن و بەیاننامەکانیاندا شیکردنەوە و ڕوانگەی خۆیان سەبارەت بەم شەپۆلە نوێیەی ناڕەزایەتییەکان کە تا ئێستا زیاتر لە سەد شاری گرتووەتەوە و لە حاڵی پەرەسەندندایە، دەربڕیوە.

ئاوڕێک لە ناوەرۆکی سیاسیی ڕاگەیاندن و بەیاننامە دەرکراوەکان لەم بوارەدا نیشان دەدات کە لە ڕوانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری ماددی و بابەتی (عەینی) ڕەوایەتیی نەماوە و دەبێ بڕووخێندرێت. خەڵکی ناڕازیش نەبوونی مەشرووعییەتی دەسەڵاتی ئیسلامییان بە ڕوونترین شێوە لە دروشمەکانی وەک „مەرگ بۆ دیکتاتۆر، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆ خامنەیی، مەرگ بۆ ستەمگەر چ شا بێ چ ڕێبەر، کۆماری ئیسلامیمان ناوێ، نە شا بێ نە مەلا دەسەڵات بەدەست شورا“ و هیتر، دەربڕیوە. لەم پەیوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە بەیاننامەی ٨ ڕێکخراوی کرێکاری و مەدەنی بکرێت کە بریتین لە:

„شوورای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانیی نەوت، شوورای ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کرێکارانی غیرە رەسمیی نەوت، شوورای هەماهەنگیی نارەزایەتییەکانی پەرستاران، یەکێتیی خانەنشینان، ئەنجومەنی بەرق و فلزی کرماشان، دەنگی ژنانی ئێران، دادخوازان و لە سێدارە مەدەن". ئەم ٨ ڕێکخراوە لە بەشێک لە بەیاننامەکەیاندا نووسیویانە: „ئامانج لە نارەزایەتییەکان، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا کەمینەیەکی تاڵانچی و غارەتگەر نەتوانێت لە سەرەوەی ئیرادەی خەڵکەوە بۆ چارەنووسیان بڕیار بدات. درێژەپێدانی لێبڕاوانەی نارەزایەتییەکان، پەرەسەندنی مانگرتنەکان و یەکگرتوویی، زەمانەتی پێشڕەویی داخوازییەکان و وەدیهاتنی ئارەزووەکانی خەڵکە. ئەو ڕێگایەی هەڵبژێردراوە کۆتایی بە کۆیلایەتی، هەژاری، سووکایەتی و نایەکسانی دێنێت".

لە لایەکی دیکەوە چوار ڕێکخراوی کرێکاریی دیکە (سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە، کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ کۆمەک بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکان، کرێکارانی خانەنشینی خووزستان و گرووپی یەکێتیی خانەنشینان)یش لە بەیاننامەیەکدا لە ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانبار، وێڕای پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی ئێستا ڕایانگەیاندووە کە: „لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کرێکاران، مامۆستایان، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ژنان، لاوان و نەتەوە ژێردەستەکان، ڕووی ئارامی، ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی نابینن. هەژاریی ڕەها، هەڵئاوسانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و گرانیی بێسنوور هەمووی دەرەنجامی پێکهاتەی نیزامی قەیراناویی سەرمایەدارییە و کۆماری ئیسلامی نە تەنیا توانای وەڵامدانەوەی نییە، بەڵکوو هەر جۆرە هەوڵ و خەباتێکی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە سەرکوت و کوشتار و زیندان وەڵام دەداتەوە".

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی „ئۆتۆبووسڕانیی تاران و دەوروبەریش"، بە پشتیوانی لە نارەزایەتیی بەرحەقی خەڵکی بێبەش، پێداگریی کردووەتەوە کە خەڵکی نارازی مافی خۆیانە دژ بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی دەسەڵات؛ هێرش بۆ سەر بژێویی گشتی؛ گەندەڵیی پێکهاتەیی و بۆشاییە چینایەتییەکان بێنە سەر شەقام و نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بە گشت نیزام و موناسباتی سەرمایەداری دەرببڕن. ڕەزا شەهابی ئەندامی چالاکی ئەم سەندیکایە داوای کردووە کە چالاکانی کرێکاری بە دەنگێکی بەرز ڕابگەیەنن کە ئێمە شانبەشانی خەڵکی بێبەش و ستەمدیتوو وەستاوین. ئەم ڕێکخراوە „چارەسەری کاری کرێکاران و زەحمەتکێشانی لە یەکگرتوویی و تەشکیلاتدا زانیوە و جەختی لەسەر ڕۆڵی مێژوویی و یەکلاکەرەوەی چینی کرێکار، بە پشت بەستن بە وشیاری، ڕێکخراوبوون و هاوپشتیی کرێکاران و بنەماڵەکانیان کردووەتەوە.

شوورای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی „فەرهەنگیان"یش لە بەیاننامەیەکدا خۆی بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەڵک ناو برد و نووسی: „ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقام و مەیدان و گەڕەکەکاندا لە ئارادایە، هاواری تووڕەیی و ڕەنجی خەڵکێکە کە ئێسقانەکانیان لەژێر باری هەژاری، هەڵاواردن، سووکایەتی و بێعەدالەتیدا ورد بووە. هەڵئاوسانی بێسنوور، لاوازبوونی لەڕادەبەدەری هێزی کڕین، وێرانبوونی پەروەردە و دەرمان، پەرەسەندنی هەژاری و ناسەقامگیری، بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتگەلێکن کە نەک لەپێناو خەڵک، بەڵکوو لەدژی ئەوان بووە. ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو نیشانیان داوە هەر کات خەڵک پەراوێز خرابن، ئازادی و دادپەروەری کراونەتە قوربانی". ئەم شوورایە نووسیویەتی لە هەشتەمین ڕۆژی نارەزایەتیدا شەقامەکانی ئێران شاهیدی حزووری لاوانێک بوو کە قوتابین بەڵام لە لیستی منداڵان و دەسبەسەرکراوان و گیانبەختکردوواندان. کوشتنی قوتابیان تاوان و جینایەتە دژ بە کۆمەڵگە.

سەرەڕای ئەو ڕێکخراوانەی باس کران، لە ماوەی ١٢ ڕۆژی ڕابردوودا، حیزب و ڕەوتە سیاسییە چەپ و کۆمۆنیستەکان، یەکێتیی ئازادی کرێکاران، ڕێکخراو و چالاکانی مەدەنی، پیشەیی، فەرهەنگی و مافخوازیی و زۆرێک لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان، „دایکانی پارکی لالە"، ناوەندی نووسەران، „یەکێتیی ڕێکخراوەکانی کامیۆنداران و شۆفێرانی کامیۆنی سەرتاسەری ئێران"، ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی زانکۆکانی تاران، بەهەشتی، کوردستان، عەللامە، علم و سەنعەت و تەربیەت مودەڕیس و هتد، کۆمەڵێک لە پارێزەرانی دادگستری، ٨٠ کەس لە فیلمنامەنووسانی سینەما، ١٨٤ سینەماکاری ئێران، ئەنجومەنی پیشەیی دەرهێنەرانی سینەمای بەڵگەنامەیی (مستند) و ... هەرکام بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و بەیاننامە پشتیوانیی خۆیان لە نارازییان دەربڕیوە.

ڕاگەیاندنی پشتیوانی و هاوپشتی و هاتنە مەیدانی ڕێکخراوە کرێکاری و پیشەیی و مەدەنییەکان یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی ئێستایە کە هەلومەرجی زەینیی لەبارتر بۆ جەماوەری بوونی نارەزایەتییەکان وەک یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی نارەزایەتی دەڕەخسێنێت و توانای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نارەزایەتی لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە سنووردار دەکاتەوە. ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەژاری و برسیەتی، هەڵاواردن و نایەکسانی و بێبەشیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە گرەوی پەرەسەندن و جەماوەری بوونی بزووتنەوەی نارەزایەتی و هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و شکڵدان بە ڕێبەری و پەرەپێدانی ئاسۆ و ستراتیژیی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستیدایە.

❊❊❊

# پێشڕەویی شەپۆلی نوێی ڕاپەڕینی جەماوەری لە گرەوی چیدایە؟

شەپۆلی نوێی بزووتنەوەی نارەزایەتی کە ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار، هاوکات لەگەڵ هەشتەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٣٩٦ و بەدوای هەڵاوسان و ناجێگیریی بێوێنەی بازاڕی دراو و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک دەستی پێکرد، ئێستا دوازدەهەمین ڕۆژی خۆی تێپەڕاندووە. ئەم نارەزایەتییانە لە ڕۆژانی دواتردا بۆ زانکۆکان و دەیان شاری ئێران پەرەی سەند و نارازییان لە هەموو شوێنێک و لەسەر شەقامەکان بە دروشمی „مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، تەواوی پەیکەرەی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە ئامانج. لە سەرەتای نارەزایەتییەکانەوە تا ئێستا، سەرجەم ڕێکخراو و ناوەندە سەربەخۆکانی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، ژنان، خوێندکاران، ناوەندی نووسەران و هیتر... بە دەرکردنی بەیاننامەی جیاجیا یان بەیاننامەی هاوبەش، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەم نارەزایەتییانە دەربڕیوە و سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردووە.

لە بەرانبەر ئەم شەپۆلە نوێیەی نارەزایەتییەکاندا، ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە جێگیرکردنی هێزە ئەمنییەکان، پۆلیس و گاردی تایبەت لە شارە جیاجیاکان و ئەو ناوچانەی کە بوونەتە کانون و چەقی ئەم نارەزایەتییانە، جۆرێک لە حکوومەتی سەربازیی ڕانەگەیەندراوی سەپاندووە. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە ئاکامی پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ سەر ڕیزەکانی نارازییان و دەستڕێژی گوللە لێیان، تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ کەس لە خەباتکاران گیانیان بەخت کردووە، دەیان کەس بریندار بوون و زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد کەس دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کراون. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە هێرشکردنە سەر ڕیزی خەڵکی خەباتکار و ئازادیخواز لە شاری مەلەکشاهی لە پارێزگای ئیلام و خەڵتانی خوێنکردنی نارەزایەتییەکانیان و هەڵکوتانە سەر نەخۆشخانەی شاری ئیلام بۆ بە بارمتەگرتنی برینداران و تەرمی گیانبەختکردووان، دڕندەیی و وەحشیگەرییان گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی. جەماوەری تێکۆشەری کوردستان ئەم دەستدرێژی و دڕندەییەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان دەستبەجێ بە خۆپیشاندان و ڕێپێوانی خەڵک لە شاری ئاودانان و شارەکانی دیکەی پارێزگای ئیلام، نارەزایەتیی سەرشەقام لە کرماشان، وە بە مانگرتنی گشتی لە شارەکانی تری کوردستان هاوڕێ لەگەڵ نارەزایەتیی سەر شەقام لە شارەکانی کامیاران، سنە و دێولان و چەند ناوچەی دیکە لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی بەفرانباردا وەڵام دایەوە. پێویستە هەوڵ بدرێت کە مانگرتنی گشتی هاوڕێ لەگەڵ نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە چەند شاردا، نەک خاڵی کۆتایی، بەڵکوو ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ پەیوەستبوونی هەموو شارەکانی کوردستان بە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانەوە.

ئەم شەپۆلە بەهێزەی بزووتنەوەی نارەزایەتی لە درێژەی ڕاپەڕینە جەماوەری و سەرتاسەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو و لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١دا، بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، کۆتایی هێنان بە نایەکسانی و هەڵاواردنە ڕەگەزی و نەتەوەییەکان، نەهێشتنی بێبەشییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و لە یەک کەلامدا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ڕێ. هەر بۆیە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی ملیۆنیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارانی شارنشین هێشتا پەیوەست نەبوون بە نارەزایەتییەکانی سەرشەقام، بەڵام دڵیان لەگەڵ ئەم نارەزایەتییانە لێ دەدات. ئەم دیاردەیە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا شتێکی سروشتییە و قابیلی دەرکە، چونکە هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشە مەزنەکانی مێژوو لەلایەن کەمینەیەکی شۆڕشگێڕ و پێداگرەوە دەستیان پێکردووە. بەڵام پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوە ئینقلابییانە بەستراوەتەوە بە پەرەسەندن و جەماوەری بوونی هەرچی زیاتری ئەوانەوە. کەواتە نابێ ڕێگە بدرێت هاوسۆزیی پاسیڤ و ناچاکالانە لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە ببێتە هۆی دامرکانی نارەزایەتییەکان لەسەر شەقام. چونکە ئەگەر جەماوەر لەئاستی ملیۆنیدا بەشدار نەبن، هێزە سەرکوتگەرەکان توانایی ئەوەیان دەبێت کە ڕیزەکانی نارازییان پەرش و بڵاو بکەنەوە و نارەزایەتییەکان هەر لە ساتەکانی سەرەتادا بەرەو شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقام بەرن.

گومان لەوەدا نییە کە توانایی ڕژیم لە سەرکوتی خوێناوی و ڕەشبگیری و گرتنی بەربڵاو، یەکێکە لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای جەماوەری بوونی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام کلیل و چارەسەری تێپەڕین لەم کۆسپەش هەر لە دەستی جەماوەری خەڵکدایە. بۆ نموونە ئەگەر جەماوەری نارازی لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران هاوکات لە چەندین خاڵی شار و لە ئاستی چەندین هەزار کەسیدا بڕژێنە سەر شەقامەکان، و وشیارانە فێڵ و تەڵەکەکانی هێزە

ئەمنییەکان بۆ گۆڕینی نارەزایەتییەکان بۆ شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقام پووچەڵ بکەنەوە، نە تەنیا دەتوانن هێزی سەرکوتی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بکەن، بەڵکوو دەتوانن یەکگرتوویی و شیرازەیان لەبەریەک هەڵوەشێنن. هەر لەم ئاراستەیەدا پێویستە چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە کاری ڕێکخراوەیی و بە داهێنان و ئەزموونەکانی خۆیان لە بواری گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... بە ئامادەکردن و هێنانە مەیدانی بەرینی جەماوەر بۆ نارەزایەتییەکان، پێشڕەویی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە زەمانەت بکەن. لەم ڕێگەیەدا پێویستە خەڵک بە تەواوی وشیار بن و ڕێگە نەدەن کە دەزگا ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەیداندان بە



گرووپێکی سەڵتەنەتخوازی کۆنەپەرست، خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی ئەوان بەلاڕێدا بەرن و هەر ئەم فێڵەش بخەنە خزمەت زەربەلێدان لە ئیعتیباری خەباتی خەڵک و پەرەپێدانی سەرکوت.

لە هەمان کاتدا نیگەرانی لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی شکستخواردووی شۆڕشی ٥٧، نیگەرانی لە مەترسیی شەڕی ناوخۆیی و سووریایی بوونی ئێران کە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی و بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی تەبلیغی بۆ دەکەن، یەکێکی دیکە لە بەربەستە زەینییەکانی سەر ڕێگای جەماوەری بوونی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییەیە. بەڵام ئەم نیگەرانییانە کاتێک لایەنی ماددی و واقعی پەیدا دەکەن کە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیتوو پەراوێز بخرێن. کەواتە تەنیا بە ئامادەبوون لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا و بەشداریکردنی چالاکانە لە نارەزایەتییەکانە کە دەتوانرێت ئەم نیگەرانییانە بڕەوێنرێن.

پێداویستییەکی دیکەیپێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە، هاتنە مەیدانی چینی کرێکار لە کارخانەکان و ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییە بە مانگرتنی یەکپارچە و سەرتاسەری و بە تێکەڵکردنی داخوازییە ئابووری و سیاسییەکان، لەوانە داخوازیی کۆتایی هێنان بە سەرکوتی نارەزایەتییەکان، ئازادیی سەرجەم دەستبەسەرکراوان و زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە. چینی کرێکار سەرەڕای ئەو کۆسپە زۆرانەی لەسەر ڕێگایەتی، بە پشت بەستن بە دەستکەوتی خەباتی تا ئێستای، بە پشت بەستن بە بوونی ڕێبەرانی لێهاتوو و کارزان کە هەیەتی، بە پشت بەستن بە ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆمیتەکانی کارخانە کە نوتفەی شورا کرێکارییەکانن و بە پشت بەستن بەو ئەزموونانەی کە لە ڕێکخستنی سەدان مانگرتنی شکۆمەنددا هەیەتی، دەتوانێت بە ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەریی خۆی، پەیوەست بێت بەم بزووتنەوە نارەزایەتییەوە و بە پەیوەستبوونی خۆی، ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ڕژیمی ئیسلامی زەوینگیر بکات. پەیوەستبوونی چینی کرێکار لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا بەم نارەزایەتییانەوە، لە هەمان کاتدا دەتوانێت زەمینەیەکی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوەبوون و پێکهێنانی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکان و بەحیزی بوونی کرێکاران فەراهەم بهێنێت.

مەرجێکی دیکەی زەمانەتی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە، بەستراوەتەوە بە گەڵاڵەکردن و پەرەپێدان بە ستراتیژی و ئاسۆی سیاسیی ڕوون و شۆڕشگێڕانە، ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەری. کەواتە نابێ بەڵێنیی سەرکەوتنی ئاسان و بێزەحمەت بە جەماوەر بدرێت، بەڵکوو دەبێ بە کردەوە لەڕێگای وەڵامدانەوە بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەم بزووتنەوەیە و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەشکست کێشانی حیزبی پادگانیی سپای پاسداران و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی هەنگاو هەڵبگیرێت و جەماوەر لە سەختی و دژوارییەکانی ئەم ڕێگا پڕ لە کۆسپە ئاگادار بکرێنەوە.

ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بزووتنەوەیەکی سەلبی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە. جەماوەری ڕاپەڕیو دژ بە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، دژ بە نایەکسانییەکان، بێبەشییەکان و هەڵاواردنگەلێک پێیان ناوەتە مەیدانی نارەزایەتی و خەباتەوە کە ڕیشەیان لە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی ئێراندایە. بەم پێیە، ئەم بزووتنەوەیە نەک تەنیا ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەبەردەم خۆیدا داناوە، بەڵکوو بەپێی ماهییەتی داخوازییەکانی، بزووتنەوەیەکی دژە سەرمایەدارییە. خەڵک بە هەق بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەرانچاویان بڕیوەتە ئەو ئیمکاناتە بەرینەی کە لە ئێراندا نهێنییە. دەبێ وێنەیەکی ڕوون لەو دەسەڵاتەی کە دوای کۆماری ئیسلامی دێتە سەر کار، ببرێتە نێو خەڵکەوە. کەواتە دەبێ ئاسۆی سۆسیالیستی، ئاسۆی حکوومەتی شورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و شوراکانی خەڵک لە بەرانبەر ئەم بزووتنەوەیەدا دابنرێت. دەبێ هەوڵ بدرێت دروشمگەلێکی وەک „نان، کار، ئازادی - ئیدارەی شورایی“، „ئازادی، یەکسانی - ئیدارەی شورایی“ کە لەلایەن نارازییانەوە لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا گەڵاڵە کراون، بە کەمپەینە سیاسی-تەبلیغییەکان هەرچی جەماوەریتر بکرێنەوە. دەبێ شرۆڤەیەکی ڕوون لەم دروشمانە و لە مانای ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی و ئیدارەی شورایی ببەینە نێو جەماوەرەوە.

دەبێ بە شێوەیەکی لێبڕاوانە و ماندوونەناسانە، سەبارەت بە مەترسیی پڕۆژە ئیمپریالیستییەکانی گۆڕینی ڕژیم واتە „ڕژیمچەینج“ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرووی ئیرادەی خەڵکەوە، هۆشداری بدرێت و هەڵوێست و ستراتیژیی سیاسیی بەشە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران بۆ بەلاڕێدابردن و بەشکست کێشانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە. دەبێ ناتەبایی بەرنامە ئابوورییەکانی ئەوان کە هەمان سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد و نیۆلیبڕالیزم بە بەڕێوەبەرایەتییغەیرە ئیسلامییە، لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی کە لە بواری یەکسانیی سیاسی و یەکسانیی ژن و پیاو بە خەڵکی دەدەن، بە ئاشکرا نیشان بدرێت. ئەوانەی بەدیلیان سەرمایەدارییە بە بەڕێوەبەرایەتیی غەیرە ئیسلامییەوە، ناتوانن بەڵێنی ئازادی و خۆشگوزەرانی بە خەڵک بدەن. سەرمایەداری بە بەڕێوەبەرایەتیی غەیرە ئیسلامیشەوە هەر حکوومەتێکی ئیستبدادییە.

❊❊❊

# هێرشی جنایەتکارانەی دەوڵەتی ئەلشەرع بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکان لە حەلەب

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی بەفرانبار، حکوومەتی ئەحمەد شەرع لە سووریە، شەڕێکی جنایەتکارانەی پێنج ڕۆژەی دژی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی خۆبەڕێوەبەریی گەڕەکەکانی "ئەشرەفیە" و "شێخ مەقسوود" لە شاری حەلەب (پایتەختی ئابووریی سووریە) هەڵگیرساند. لە ماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا، گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان بە تانک، تۆپ، مووشەک، پەهباد و جۆرەها چەکی قورس، زیاتر لە ٨٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی و هێزەکانی ئاسایشی ئەو دوو گەڕەکەیان کوشت، کە دوو کەس لە فەرماندە دێرینەکانیشی تێدابوو؛ هەروەها زیاتر لە ١٥٠ کەسیان بریندار کرد و ١٦٠ هەزار کەسیان لە سەرمای سەختی زستاندا و بەبێ بوونی کەمترین ئیمکاناتی ژیان ئاوارە کرد. سەرەڕای ئەوەش، ٣٠٠ کەس لە لاوانیان بە شێوەی بەکۆمەڵ دەستبەسەر کردووە کە ژمارەیەکیشیان بێسەروشوێن کراون

گرووپە جیهادییەکانی سەر بە حکوومەتی سووریە لەم ماوەیەدا بە بڕینی ئاو و کارەبا و ڕێگریکردن لە گەیشتنی خۆراک و دەرمان بۆ ئەو ناوچانە، هەڵیانکوتایە سەر ماڵ، قوتابخانە و نەخۆشخانەکان و خەسارێکی زۆریان بەو شوێنانە گەیاند. لە کۆتاییدا بە ئەوپەڕی وەحشیگەرییەوە ئەو دوو گەڕەکەیان داگیر کرد. ئەم پەلامارە دڕندانەیە لە کاتێکدا ئەنجام درا کە ڕۆژی ١٤ی بەفرانبار دانوستانەکانی تێکەڵکردنەوەی هێزەکانی "هەسەدە" لە وەزارەتی بەرگریی سووریەدا لە ئارادا بوو

پاراستنی ئاسایشی ئەم دوو گەڕەکە کوردنشینەی شاری حەلەب، بەپێی ڕێککەوتنی مانگی ئاوریلی ٢٠٢٥ بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی شووراکانی ئەو دوو گەڕەکە سپێردرابوو و لەو ماوەیەشدا خەڵکی ناوچەکە تووشی هیچ کێشەیەکی ئەمنی نەبوبوون. بەڵام دەوڵەتی فاشیستی تورکیە بە گوشارهێنان بۆ سەر ئەحمەد شەرعی دەستپەروەردەی خۆی و بە ناردنی چوار لەشکر لە هێزە تیرۆریستەکان کە پێکهاتبوون لە ٧٠ هەزار چەکداری بەکرێگیراوی لەشکرەکانی (سوڵتان موراد - سولەیمان شا - حەمزات و نوورەدین زەنگی)، نەخشەی هاوبەشی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ئەحمەد شەرع بە ئامانجی لەناوبردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و داگیرکردنی ئەو ناوچانە خستە بواری جێبەجێکردنەوە. وێنە و ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان دەریدەخەن کە ئەم تاوانکارانە، ئەندامی یەکە تیرۆریستییەکانی هەر ئەو گرووپە ئیسلامیانە بوون کە دەستیان داوەتە تاڵان، دزی و کۆمەڵکوژیی خەڵکی درووز لە "سووەیدا" و "دەرعا" و خەڵکی عەلەوی لە ناوچە و پارێزگا لێواراوەکانی ڕۆژاوای سووریە و دەستیان بە خوێنی خەڵکی ئەو ناوچانەش سوورە. پەلاماری هێزە جیهادییەکانی دەوڵەتی ئەحمەد شەرع بۆ سەر حەلەب، کە لە پاشماوەکانی داعش، تەحریر ئەلشام و بەرەی نوسرەی پێشوو و لەژێر هەژموونی دەوڵەتی فاشیستی تورکیەدان، لەلایەن تۆڕە میدیاییەکانی هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی وەک قەتەر، عەرەبستانی سعوودی و ئەوانی دیکەش پێشوازی و تەیید کرا و تەبلیغیان بۆ کرد

بە وتەی مەزلووم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی

"هەسەدە"، ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی بەفرانبار، بەدوای ڕێککەوتنی ئاگربەست بە نێوەندگیری دەوڵەتانی دیکە لەوانە نێردەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیمکانی هاتنە دەرەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەو دوو گەڕەکە ئامادە کرا و دەرفەتی گواستنەوەی برینداران و تەرمی گیانبەختکردووان و هاووڵاتییانی گەمارۆدراو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی "هەسەدە" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریە دابین کرا. گوشارەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە کە تا ئێستا دژایەتی هەموو چەشنە مافێکی حاکمییەتی خەڵکی کوردی بەسەر ژیان و چارەنووسی خۆیدا لە هەر پارچەیەکی کوردستان کردووە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بووە. هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیە، لە مانگی ڕابردوودا چەندین جار ئامادەیی تورکیەی بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە سووریە دژی گەلی کورد ڕاگەیاندبوو. بەم چەشنە حکوومەتی فاشیستی ئەردۆغان جارێکی دیکە ماهییەتی فریو و ڕیاکارانەی خۆی لە پرۆسەی بەناو ئاشتیدا لەگەڵ پەکەکە دەرخست

دەوڵەتانی عەرەبیش لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستییەوە و بە قەولی خۆیان بۆ بەرگری لە "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عەرەبیی سووریە"، پشتیوانییان لە تاوانەکانی دەوڵەتی ئەحمەد شەرع کردووە. لەم پەیوەندییەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی بەفرانبار، وەزیری دەرەوەی ئوردن لە عومان لە دیدارێکدا لەگەڵ تۆم باراک، نوێنەری تایبەتی ئەمریکا لە کاروباری سووریە، پشتیوانی خۆی بۆ کردەوەکانی "حکوومەتی کاتی سووریە" دژی کوردەکان لە حەلەب دەربڕی و ڕایانگەیاند کە واشنگتۆن و عومان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر، بەردەوام پشتیوانی لە هەوڵەکانی حکوومەتی سووریە دەکەن. لەم کۆبوونەوەیەدا خوازیاری گەڕانەوەی دەوڵەتی سووریە و بەرپرسانی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا بۆ سەر مێزی دانوستان و جێبەجێکردنی تەواو و دەستبەجێی گەڵاڵەی ٨ خاڵیی ڕێککەوتنی ١٠ی مارسی ٢٠٢٥ لە نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلووم کۆبانێ بوون. مێزی دانوستانێک کە تێیدا دەوڵەتی دەستنیشاندراوی ئیسلامیی سووریە ئامادە نییە دان بە هیچ مافێک بۆ کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناو سووریەدا بنێت، تەنانەت ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی مەحەلیش

هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی سووریە بۆ سەر حەلەب لە کاتێکدا ئەنجام درا کە ئەم هێزانە پێشتریش پەلاماری ناوچەی عەلەوییەکان و درووزەکانی سووریەیان دابوو کە بە درێژایی مێژوو لەوێ ژیاون، و لەوێش تاوانی بێئەژماریان ئەنجام دابوو. عەزمی بەشارە، یەکێک لە شرۆڤەکارانی ناوداری فەلەستینی، ڕەخنەی توندی لە حکوومەتی کاتیی سووریە گرت بەهۆی هێرشی تاوانکارانە بۆ سەر حەلەب و بەکارهێنانی ئەرتەشی سووریەی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بە سەرەتایەکی ترسناک بۆ خەڵکی سووریە لە دوای دیکتاتۆرییەکەی ئەسەد وەسف کرد. ناوبراو دەرکردنی خەڵک لە گەڕەک و ماڵەکانیان و گواستنەوەیان بە پاس، جیاوازی نیە لە گەڵ سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەسەد بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای حەلەب و وتی پرسی کورد لە سووریە پرسێکی سیاسییە نەک ئەمنی و بە تانک و تۆپ وەڵام وەرناگرێت. بەشارە هێرشکردنە سەر ماڵ و منداڵی خەڵک و کۆچپێکردنی زۆرەملێی ئەوانی بە جێبەجێکردنی ئەجێندای دەوڵەتانی ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتی شەرعەوە زانی و مەحکوومی کرد

لەگەڵ جێبەجێکردنی سیاسەتە فاشیستییەکان و ڕێگری دەوڵەتی تورکیە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی سووریە و ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کوردەکان، و لە کاتی سەفەری ئەحمەد شەرع بۆ ئەمریکا و دیدار لەگەڵ ترامپ، دانوستانەکانی نێوان سووریە و کوردەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن ڕاگیران و پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان زیاتر ئاڵۆز بوو. دەوڵەتی ئەمریکا کە گوایە "هاوپەیمان"ی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوایە، دژی پێکهاتنی هەر چەشنە دەوڵەتێکی لامەرکەزی و خۆبەڕێوەبەرییە لە سووریە. هەروەها بەڵگەکان نیشان دەدەن کە بەدوای دانوستانەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی ئیسلامی سووریە لەگەڵ ئیسرائیل بە سەرپەرشتیی ئەمریکا و ئەو ئیمتیازانەی دەوڵەتی شەرع بە ئیسرائیلی داوە، ڕەزامەندی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلیشی بۆ هێرشکردنە سەر گەڕەکە کوردنشینەکان بەدەست هێنابێت. بێگومان دەوڵەتی ئیسلامی سووریە کە گیرۆدەی قەیرانگەلێکی زۆرە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سووریە کە ٩٠ لە سەدیان لەژێر هێڵی هەژاریدان، داماو و بێتوانایە. لەم هەلومەرجەدا، خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی سووریە بۆ ڕزگاربوون لە بێمافی و ژیانی پڕ لە مەینەتیان، لە جیاتی هیوابەستن بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا، دەبێ هەوڵ بۆ هاوپشتی لەگەڵ هاوچارەنووسانیان لە ئاستی سەرتاسەریدا بدەن لەپێناو دامەزراندنی سیستەمێک کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی جەماوەری و شووراییی دامەزرابێت

❊❊❊

# دانپێدانانی خامنەیی بە کوشتاری هەزاران ناڕازی؛ ئەم تاوانە دژەمرۆییەش کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان ڕزگار ناکات

ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانبار، عەلی خامنەیی بە بیانووی "عەیدی مەبعەس"، لە دووهەمین هەڵوێستگرتنی خۆیدا سەبارەت بە شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتیی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەست هەژاری و برسیەتی و دژی ڕژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵێک قسەی سەرتاپا هەڵبەستراو و درۆی کرد. ناوبراو بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان سەبارەت بە کۆمەڵکوژی و کوشتاری خۆپیشاندەران، وێڕای ئەوەی جەماوەری ناڕازیی بە "ئاژاوەگێڕ" ناو برد، ئیدیعای ئەوەی کرد کە گوایە ئەوان هەزاران کەسیان لە شەقامەکاندا کوشتووە. خامنەیی بە دەربڕینی ئەم هەڵیت و پەڵیتانە، لە ڕاستیدا جارێکی دیکە ترس و نیگەرانیی خۆی لە بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان بە چنگ و ددان نیشاندان بە خەڵکی ئێران دەرخست

خامنەیی وێڕای ئەوەیکە ملیۆنان کەس لە خەڵکی ناڕازی لە سەرتاسەری ئێران بە "ژمارەیەکی کەم لە ئاژاوەگێڕان" ناو برد، بە دابەشکارییەکی دەستکرد و هەڵبەستراو، جەماوەری ناڕازیی کرد بە سێ دەستەوە و وتی: "دەستەی یەکەم کەسانێک بوون کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەلایەن بەکرێگیراوانی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکانەوە مەشقیان پێ کرابوو و پارەی باشیشیان وەرگرتبوو، ئەمانە ڕێبەریی ئاژاوەکانیان دەکرد. دەستەی دووهەم پەیوەندییان بە ئیسرائیل و دەزگا سیخوڕییەکانەوە نەبوو." ناوبراو دەستەی سێهەمیشی بە مێردمنداڵانی خاو و هەڵخەڵەتێنراو وەسف کرد کە گوایە لەژێر کاریگەریی هەست و سۆزدا چەند هەزار کەسیان کوشتووە. بەم چەشنە خامنەیی لە هەمان کاتدا کە دانی بە کوشتنی هەزاران کەس لە ناڕازییان دانا، لاوان و جەماوەری ناڕازی و بەشمەینەتی کۆمەڵگای کە لە دژی هەژاری و برسیەتی و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ڕژابوونە سەر شەقامەکان، بە تاوانی کوشتن تۆمەتبار کرد و وتی: "ئێمە تاوانبارانی ناوخۆیی ئازاد ناکەین و دەستبەرداری تاوانبارانی نێودەوڵەتیش نابین". ئەم قسانەی خامنەیی بە واتای هاندانی هێزە ئەمنییەکان و گاردی دژە-شۆڕشە بۆ توندترکردنەوەی سەرکوت و کوشتار

خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئەم دواییەی بە "فیتنەی ئەمریکا و زایۆنیزم" ناو برد و ڕایگەیاند کە بە بڕوای ئەو ترامپ و نەتانیاهوو "بەهۆی دەستهەبوون لە کوشتار و زەرەر و زیانەکان و ئەو تۆمەتەی لە نەتەوەی ئێرانیان داوە، تاوانبارن". ئەو بە هەڕەشە و گوڕەشەی بێبنەما، ئیدیعای ئەوەی کرد کە پشتی فیتنەکەی شکاندووە و دەبێ پشتی فیتنەگێڕانیش بشکێندرێت. عەلی خامنەیی بەوپەڕی بێشەرمییەوە لەبەردەم خەڵکی ئێران و جیهاندا درۆیەکی ئاوا ئاشکرا دەکات. خەڵکی ئێران بە چاوی خۆیان هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و چەکدارانی "حەشدی شەعبی" و بەکرێگیراوانی دیکەی ڕژیمیان بینی کە ڕژانە سەر شەقامەکان و بە ڕێژنەی گوللەی دۆشکە و قەناسە و چەکەکانی تر، هەزاران کەس لە خەڵکی ناڕازی و بێدفاعیان بە شێوەیەکی وەحشیانە خەڵتانی خوێن کرد. بەشداریی پێنج هەزار کەس لە هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق، کە سەر بە کۆماری ئیسلامین، لەم جینایەتە دژەمرۆییەدا، لەلایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی عێراقەوە پشتڕاست کراوەتەوە. ژمارەی گیانبەختکردووانی ئەم تاوانە بە هەزاران کەس مەزەندە دەکرێت. هەندێک سەرچاوەی هەواڵ لە ناوخۆدا ژمارەی کوژراوانیان بە زیاتر لە ٨ هەزار کەس و ژمارەی بریندارانیان بە سەرووی ٢ هەزار کەس ڕاگەیاندووە و زیاتر لە ٢٤ هەزار کەسیش دەستبەسەر کراون. ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە ئەوەندە ئاشکرا بوو کە حکوومەتی ئیسلامی بە بڕینی ئینتەرنێت و تەنانەت پچڕاندنی پەیوەندیی تەلەفۆنیی ئێرانیش لەگەڵ جیهانی دەرەوە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ، نەیتوانی ڕەهەندە سامناکەکانی بشارێتەوە


خامنەیی لە هەلومەرجێکدا ژێستی دژایەتیی ترامپی گرت و ئەوی بە تاوانبار ناو برد، کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا بە پەنابردن بۆ دەوڵەتانی عەرەبستانی سعودیە، قەتەر، عومان، ئوردن و میسر لە هەوڵدا بوون ئەمریکا لە هێرشی سەربازی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی پاشگەز بکەنەوە و ئامادەی تەسلیمبوون و سازش لەگەڵ ترامپ بوون. ترامپیش بە بیانووی هەواڵێکی ساختە سەبارەت بە بەڵێنی ڕاگرتنی ئیعدام، سوپاسی خامنەیی کرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە دادستانی قاتڵی تاران دانی بەوەدا نا کە ئیدیعای هەڵوەشاندنەوەی ئیعدامی ناڕازییان درۆیە و بەرەوڕووبوونەوەی دەزگای قەزایی

لەگەڵ دەستگیرکراوانی ناڕەزایەتییەکان، "لێبڕاوانە، خێرا و پشیمانکەرەوە" دەبێت. ئەمەش بە واتای دەستپێکردنی شەپۆلێکی دیکەی لەسێدارەدانە بە مەبەستی خوڵقاندنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن. سەرباری هەموو ئەمانە، مەترسیی هێرشی ئەمریکا هێشتا هەڕەشە لە خەڵکی ئێران دەکات. جەنگێک کە لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ئێستای ئێراندا، بۆ سەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەبێتە "نیعمەت"، بەڵام بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران ژەهرێکی کوشندە دەبێت

بەڵام خامنەیی لە کاتێکدا بێشەرمانە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی جەماوەری وەزاڵەهاتوو لەو ژیانە فەلاکەتبارەی کە دەسەڵاتەکەی بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی خوڵقاندووە، دەداتە پاڵ "دوژمنی دەرەکی"، کە قەیرانی بەرینی ئابووریی حکوومەتەکەی چارەهەڵنەگرە؛ دراوی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە بێبایەخ بووە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانای کڕین دادەبەزێت؛ هەڵاوسانی خۆراک لە ئێران گەیشتووەتە ٧٠ و ٨٠ لەسەد و بگرە زیاتریش. بێگومان لە دۆخێکی وەهادا و لە کاتێکدا کە سالانێکە کرێی کرێکاران سێ و چوار هێندە لەژێر هێڵی هەژاریدا ڕاگیراوە، کرێکاران و جەماوەری هەژار و بەشمەینەت ناتوانن بێدەنگ بن و تا ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی درێژە بە مانگرتن و خەباتی خۆیان دەدەن

تەمەنی ڕژیمی ئیفلاسهێناوی کۆماری ئیسلامی بەرەو کۆتاییە و بە سەرکوت و کوشتاری خەڵک و زیندان و ئەشکەنجە ناتوانێت لە پەلاماری بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، خۆی دەرباز بکات. ئەزموونی شەپۆلی ئەم دواییەی ڕاپەڕینی سەرتاسەری و جنایەتە ڕێکخراو و سامناکەکانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە دەریخست کە پڕوپاگەندەی شەڕخوازانەی ترامپ و نەتانیاهوو و هەراوهوریای تەبلیغاتیی ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازان و هەندێ لە لایەنە ئابڕووچووەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە لە "ناوەندی دیالۆگ"دا کۆبونەتەوە، وە داواکارییان لە ترامپ (کە خۆی لایەنێکی سەرەکیی جینایەتی کۆمەڵکوژی بوو لە غەززە) بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئێران، نەک تەنیا هیچ یارمەتییەکی بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی جەماوەری خەڵک نەکرد، بەڵکوو بوو بە بیانوویەک بەدەست سەران و فەرماندەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ڕاگەیاندنی دۆخی جەنگی و پچڕاندنی هەموو هێڵەکانی پەیوەندی، ئەم کوشتارە سامناکە بەرنامەڕێژی بکەن. لەم کاتەدا گەرچی کۆماری ئیسلامی لە نێو زەلکاوی ئیفلاس و داماویدا بانگەوازی سەرکەوتن دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا دژایەتیی خۆی لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران گەیاندۆتە ئاستێکی بێگەڕانەوە و لە ئاستی جیهانیشدا وەک تاوانبارێکی دژەمرۆیی مۆری لێدراوە. کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە بنبەستێکی تەواو و ئەم تاوانە دژە مرۆییەش ناتوانێت لە ڕووخان ڕزگاری بکات

❊❊❊



## پەیامی کۆنفرانسی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بۆ چینی کرێکاری ئێران

## کاتی دەستپێشخەریی خەباتکارانە و سیاسیی کرێکارانە

**کرێکارانی ئێران!**

سەرەتا سڵاو و دروودی کۆنفرانسەکەمان پێشکەشتان بێت!

کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی سەد ساڵەی ئێراندا بەڕێوە دەچێت. ڕژیمی ئیسلامی گەورەترین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران لە دوای بزووتنەوەی ژینای خەڵتانی خوێن کرد. سەرکوتکردنی سەرانسەری نارازییانی سەر شەقام، دەسبەسەرکردنە بەربڵاوەکان و کۆمەڵکوژی چەندین هەزار کەس لە جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران، ئەگەرچی کۆمەڵگای تووشی ماتەم و خەم کردووە، بەڵام کۆتایی بە ناڕەزایەتییە گشتییەکان دژ بە دیکتاتۆری، هەژاری و نەهامەتی گشتی کە لە سەدان شاردا لە ئارادا بوو، ناهێنێت

هیچکات بۆشایی چینایەتی، جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند و ئەو کەلێنەی لەنێوان زۆرینەی خەڵکی ئێران و ڕژیمی ئیسلامیدا هەیە، هێندە قووڵ و بەرین نەبووە. ئاستی چەوساندنەوەی کرێکارانی ئێران لە جیهاندا بێوێنەیە، چونکە ئەم ڕژیمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە ئەو شۆرا کرێکارییانەی لەناو دڵی شۆڕشی ٥٧دا سەریان هەڵدابوو لەناو برد و هەر جۆرە جووڵەیەکی کرێکارانی ئێرانی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، بە دەرکردن، گرتن، ئەشکەنجە و کوشتنی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری سەرکوت کرد. لەئێستادا چینی کرێکاری ئێران خاوەنی ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆی نییە و زیاتر لە سەدا نەوەدیان بە گرێبەستی کاتی، واژۆی سپی و لە کۆمپانیا پەیمانکارییەکاندا کار دەکەن کە یەکێک لە ئاکامەکانی، دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستێکە کە چوار بەرابەر لە ژێر هێڵی هەژاریدایە

کرێکارانی ئێران!

لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا، جیهان شایەتی یەکێک لە گەورەترین مانگرتنە گشتییەکانی مێژووی سەدەی بیستەم لەلایەن چینی کرێکاری ئێرانەوە بوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاو خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، ڕەوتە ئیسلامییەکان لەو مانگرتنە کرێکارییانەی کە پشتی ڕژیمی شای شکاندبوو کەڵکیان وەرگرت و خۆیان دەسەڵاتیان گرتە دەست. لەجیاتی ئەوەی چینی کرێکار بەرەو دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو بنێت و ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ دابینکردنی خواستەکانی بەکار بێنێت، دوژمنانی کرێکاران دەسەڵاتیان گرتە دەست و کەوتنە گیانی کرێکاران و لە ماوەی چەند دەیەدا خنکانێکی سیاسی و نەهامەتییەکی ئابووریی گشتییان بەسەر چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاند

کرێکارانی ئێران!

ئێوە هەرگیز تەسلیمی ئەم دۆخە دژە مرۆییە نەبوون و کارخانە و شەقامەکانی شارەکانی سەرانسەری ئێران شایەتی مانگرتن و کۆبوونەوە پڕژمارەکانتان بووە. ئەگەرچی هێشتا خەباتەکەتان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ڕژیمی ئیسلامی نەکردۆتە ئامانج، بەڵام هاتنەدیی ئەو داخوازییانەی کە تا ئێستا و لەوانە لە بەیاننامەکانی ڕۆژی کرێکاردا لە هەموو ئەم ساڵانەدا داواتان کردووە، تەنیا لە سایەی دەسەڵاتی شۆرایی خۆتاندا دێتە دی

ئێستا زۆرینەی خەڵکی ئێران، لە هەژاری و نەهامەتی ئابووری، لە ستەم و چەوساندنەوەی توندی چینایەتی، لە ستەمی جێندەری و یاساکانی ئاپارتایدی دژە ژن، لە دیکتاتۆری و سەرکوت، لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن و ستەم دژ بە هاووڵاتیان و دانیشتوانی وڵات و لە ناوچوونی زیاتر لە ڕابردووی ژینگە و دەرەنجامە سامناکەکانی، لە ڕەنج و ئازارێکی زۆردان. کرێکاران نەک تەنیا هیچ قازانجێک لەم ستەمانە ناکەن، بەڵکوو خودی ئەم ستەمانە لە بەربەستەکانی بەردەم یەکگرتوویی چینایەتیی ئەوانە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ئازادی کۆمەڵگا ناچارن دژ بە هەموو ئەم ستەمانە خەبات بکەن. کلیل و ڕەمزی ڕزگاریی زۆرینەی خەڵک لە نەهامەتی ئابووری، زەبروزەنگ و بێمافی و پاراستنی ژینگەی ئێران، لە دەستی ئێوەدایە

وانەی گەورەی شۆڕشی ٥٧ بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار ئەوەیە کە چینی کرێکار بەبێ تەحەزوب و ڕێکخراوبوون و بەبێ مسۆگەرکردنی ڕێبەری بەسەر بزووتنەوەی گشتیدا، دەبێتە هێزی بزووتنەوەگەلێکی غەیرەکرێکاری. بەرهەمی خەباتی کرێکاران دەبێ لە خزمەت دابینبوونی خواستە چینایەتییەکانی خۆی و هاوپەیمانانی لە بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، لابردنی ستەمی نەتەوەیی، مامۆستایان و خانەنشینان و ژینگەدا بێت. چالاکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی بزووتنەوەی کرێکاریش دەبێ وەک ڕەوتەکانی دیکە خواستەکانی خۆیان هاوڕێ لەگەڵ سیستەمی جێگرەوەی خوازراوی کرێکاران کە "دەسەڵاتی شۆرایی"یە، بەیان بکەن. دوای کۆمەڵکوژیی خەڵک لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، هاتنەمەیدانی کرێکاران بۆ خەبات لەپێناو خواستە چینایەتییەکانی خۆیان، دۆخی ئێران دەگۆڕێت. کاتی دەستپێشخەری و داهێنانیخەباتکارانە و سیاسی لەلایەن کرێکارانەوەیە

لەم پێناوەدا، شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان خۆی بە بەشێک لە حەرەکەتی ئێوە دەزانێت و بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان چالاکان و ڕێکخراوەکانی باڵی چەپ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری، لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکات

**بژی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی – بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

بەفرانباری ١٤٠٤ – ژانویەی ٢٠٢٦

❊❊❊

# شێعر

## " تۆ بەیانی "

تۆ بەیانی
دونیا بێ تۆ شەوەزەنگە
تۆ تەوژمی هەتاوێکی
دەست و پەنجەی ڕێبوارانی
ڕێبەندانی زستان و شووم
لە دەشتی چۆڵ و قاقڕی
هەژاریدا گەرم دەکەی.
****
چوڵە چرای دەستی ماندووی
لە ساراتی بێ سنووری
ڕێی تاریک و سختی ژیندا
تۆ زەمزەمەی
سروود و گۆرانی و شاییت
فێری مە کرد.
وادەزانم گەنجەکانم
لە شایی و لۆغانی سبەی
شایی بێ ئەم گۆرانیە ناگرنەوە.
****
یادت مژدەی سەرکەوتنە
زایەڵەت جەوهەر دەبانی
دەست و مچی ڕۆڵەی ئیشن
لە ڕۆژی تۆڵە ساندنا
****
تۆ ژیانی
تۆ لە جۆری ئەو شتانەی
کە نامرن!
دەنگە دەنگی دڵی مێژووی
هاوڕێی قەڵەم
بەرزوەشێنی ئاواتی
کۆیلەکانی ئەم جیهانەی.
تۆ لەو ئەستێرە گەشانەی
ئاسمانی چەوساوانی،
هەتا شەو ڕەش و ڕەشتر بێ
ئەتۆ
هەر گەش و گەشتری!
ن: " وەفا " کاتی خۆی بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە
بۆ ڕادیوی ناردبوو

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
۰۰۹٦٤۷۷۱۰۲۸٦۱۹۳
۰۰٤۳٦٦۰۱۱۹٥۹۰۷
۰۰٤٦۷۲۹۰۳۰٦۹٦
۰۰٤٥٦۰۹۱۱۷۸۲
۰۰٤٦۷۳۷۱٦۹۷٤٦